دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە


ژمارە ۷۸۰، شەممە ۲۵ی گەلاوێژی ۱۳۹۹ی هەتاوی، ۱۵ی ئاگۆستی ۲۰۲۰

www.kurdistanmedia.com

لە یادی ۷۵ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،
حیزبی خەباتکار و ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات،
بە ناوی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ـەوە
پیرۆزبایی ئەم یادە مەزنە و یووبیلی ئەڵماسیی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئازادیخوازان و خەباتکارانی نیشتمانەکەمان دەکەین.
سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد

دەستەی نووسەرانی «ڕۆژنامەی کوردستان»



جێ پەنجەی د. قاسملوو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ٤



حیزبی دێموکرات لەمپەرێک بەرانبەر بە ئێرانیبوون ٦



حیزب و ئایدیۆلۆژی ٨



ئاورێک لە حەفتاوپێنج ساڵ خەباتی حیزبی دێموکرات ١٠




# لە کۆماری کوردستانەوە تا ڕاسانی نوێی خۆرهەڵات، حەفتاوپێنج ساڵ خەباتی بێوچان بۆ دێموکراسی و ڕزگاریی نەتەوەیی



## پەیڤ

## قوتابخانەی گەلاوێژ

**کەریم پەرویزی**

ژیانی کۆمەڵگا، بە بوونی ڕەوت و گرێچنێکی هزریی پتەوەوە بەرەو هەڵکشان دەچێ و لە ئەگەری لاوازیی وەها گرێچنێکدا، ژیانی کۆمەڵگا و تەنانەت ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریشی بەرەو شپرزەیی و لە هەندێ دۆخی تایبەتیشدا بەرەو لێکترازان دەچێ. هزری بناخەیی، تانوپۆی کۆمەڵگایەک پێکەوە دەبەستێ، دەبێتە بەستێنێک کە تاکەکان پێناسەیەک بۆ ژیانی ئەمڕۆیان و ئاواتەکانی سبەینێیان دەکەن. هەروەک قوتابخانەی کۆنفۆسیۆس و مەکتەبی فرانکفۆرت و قوتابخانەی لینکۆڵن لە ئامریکا، دونیابینی و ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەلگایان بەجۆرێک دارشتوە، دوای تێپەڕینی کات و گۆڕانی نەوەکانیش، ژیان لە ڕەوایەتە گشتیەکەیدا لەسەر هەمان هێلێ مۆسیقایی ئەو قوتابخانە دەژەنرێتەوە. لە کوردستانیشدا، قوتابخانەیەک دامەزراوە کە بەردەوام فراوان بووە و گەشە بە لایەنە مرۆیی و کوردستانیەکانی دراوەو لە پاش ۷۵ ساڵ، وانەکانی قوتابخانەکە لە کۆڵان و شەقامدا و لە نێو دەربەند و شاخدا زایەڵەیان دەبیسرێتەوەو شاخ و شار پێی دەستەملان دەبن. قوتابخانەی گەلاوێژ چەند وانەی سەرەکی و بناخەیی هەیە کە بە تێپەڕینی کات نەک کز و لاواز نەبوون و لە لێڵایی ڕۆ نەچوون بەڵکوو ساڵ بە ساڵ و نەوە بە دوای نەوە گەشاوەتر و ڕووناکتر و ڕووناکیدەرتر بوون. یەکێک لەوانە کە لە پەیڤە درەوشاوەکانی قازی و قاسملوو و شەرفەکەندیدا وەکوو تاڤگەیە ڕژاونەتە دەروونی کۆمەڵگاوە، پێداگری لە سەر پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ بووە و خەمی ئەم قوتابخانە لە نیگەرانی بۆ پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤەوە دەستی پێ کردوەو لە پێناوی پاراستنی ئەو کەرامەتە مرۆییەدا گیانبازی کراوە. وانەی دووهەمیش، وەپێشخستنی بەرژەوەندیی کۆ بەنیسبەت بەرژەوەندیی تاک و بناخەبوونی بەرژەوەندیی نەتەوە بەنیسبەت بەرژەوەندیی گرووپەوە بووە و گینفیدایی لە پێناوی پاراستنی شوناس و سەروەریی نەتەوەییدا بووە کە ڕێبەرانی شەهیدی و هەزاران ئەندام و لایەنگر و کادر و پێشمەرگەی لەپێناویدا سەمای سەربەستییان کردوە.

وەکوو قوتابخانە کۆنەکەی یۆنان کە نووسیبوویان هەرکەس هەندەسە نازانێ نەیەتە ژوور، دروشمی سەر درگای قوتابخانەی گەلاوێژیش، ئەمەیە: لە پێناوی پاراستنی کەرامتی مرۆیی و وەدەستخستنی سەرەوەریی نەتەوەییدا وەرنە ژوور.

پیرۆزبێ یادی دامەزرانی ئەم قوتابخانە و قوتابیانی بە میلیۆنان بن.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاونیشتمانیانی بەڕێز،**
**کۆمەڵانی خەباتگێڕ و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان،**
**ئۆگرانی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی،**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان،**
**زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی،**
**کادر و پێشمەرگە فیداکارەکان،**
**ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،**

حیزبی تێکۆشەر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠٢٠ی زایینی، ٧٥ ساڵەی تەمەنی پڕسەروەری خۆی تێپەڕ دەکا و یوبیلی ئەڵماس لە بەرۆکی خۆی دەدا.

بەو بۆنەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئازادیخوازان بەگشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بەرانبەر بە گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانە دادەنوێنین کە لە ماوەی ئەو ٧٥ ساڵەدا و لە ڕەوتی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا گیانیان فیدای بەختەوەری نەتەوەکەیان کردووە؛ هەروەها سپاس و پێزانینمان ئاراستەی هەموو ئەو کەس و کەسایەتییانە دەکەین کە لە هەر بڕگەیەکی خەباتی ئەو ٧٥ ساڵەدا جا بۆ هەر ماوەیەک بووبێ بەشدار و شوێندانەر بوون.

ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردووی حیزب و سەرنجدانێک لە مێژووی خەبات و خۆڕاگری حیزبی دێموکرات لەو ٧٥ ساڵەدا دەری دەخەن کە لەم ماوەیەدا چ ڕێگایەکی سەخت و پڕهەوراز و نشێوی بڕیوە، چ سەروەرییەکی تۆمار کردووە، چ سەرکەوتن و دەسکەوتێکی بەدی هێناوە، چ ها هەڵوێستی بوێرانە و دروست و واقعبینانەی بووە، چەندها زامی بەژانی هەڵگرتووە و بە چۆکدا نەهاتووە، هەموو ئەوانە ئەمڕۆ پاش ٧٥ ساڵ ناسێنەری قامەتی بەهەیبەتی حیزبی دێموکرات و دێموکراتەکانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی و لە هەمان کاتدا گونجاو لەگەڵ سەردەم لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و لەسەر بنچینەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی پەرەپێدەری بیروهەستی نەتەوایەتی و بەدەستی قازی محەممەد دامەزرا.

دامەزرانی حیزبی دێموکرات تەنیا لەدایکبوونی ئاسایی حیزبێک نەبوو بەڵکوو سەرەتای هاتنەئارای حیزبێکی مودێرن، باوەڕمەند بە دێموکراسی بە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی بوو کە لە ٨ بەندا فۆرموڵە کرابوو؛

نێوەرۆکی دێموکراتیکی حیزبی نیشان دەدا و چەند ئەسڵی لە ئەولەوییەتی تێکۆشانی خۆیدا دانابوو کە دەربڕی پێویستیی یەکگرتوویی و هاوخەباتی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و نەتەوەکانی ئێران بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ١٦٠ ڕۆژ پاش دامەزرانی بە لێکدانەوەی دروست و بە هەڵسەنگاندنی کەشوهەوای سیاسی لە ئێران و کوردستان پاش شەڕی دووهەمی جیهانی توانی دەسەڵاتێکی سیاسی و کیانێکی مودێرنی کوردی لە شێوەی کۆماری لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دابمەزرێنێ و لە کۆبوونەوەیەکی بەرین لە شاری مەهاباددا هەم کۆمار و هەم بەرنامەی کار و تێکۆشانی کۆماری کوردستان ڕابگەیێنێ.

بەمجۆرە کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی کوردستانی ئێران خۆی دەرخست. دامەزرانی کۆماری کوردستان شانازییەکی مێژوویی بوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەشێکی بەرچاو لە ماف و ئازادییەکان و مافی نەتەوایەتی کوردی لە زۆر بارەوە دەستەبەر کرد.

تەنانەت کورد لە پارچەکانی دیکەش وەک دەسکەوتێکی جێگای ئومێد سەیریان دەکرد و ژمارەیەکیان لە بەڕێوەبردنی کار و ئەرکەکانیدا بەشدار بوون.

لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوامی و درێژەدان بە خەبات لە هەر هەلومەرجێکدایە، دەبینین پاش جوانەمەرگبوونی کۆمار و لە سێدارەدرانی پێشەوا و ژمارەیەک لە بەرپرسە باڵاکانی حیزب و کۆمار و بەندکرانی باقی ڕێبەرانی حیزب و کاربەدەستانی کۆمار و ئاوارەبوونی زۆرێک لە تێکۆشەرانی، حیزب لە تێکۆشان و چالاکی نواندن نەوەستا. بوونی سەدان تێکۆشەری ئەو حیزبە لە زیندانەکانی ڕێژیمی شادا و شڵەژاندنی بەقەولی ڕێژیمی پاشایەتی دوورگەی ئارامی ئێران بە هۆی وەڕێخستنی بەربەرەکانێی چەکدارانە لەلایەن حیزبەوە لە ساڵەکانی ٤٦ — ٤٧دا بەڵگەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوون و گونجان لەگەڵ پێشکەوتنە فکری و سیاسییەکانە، بە گەڕانەوەی د.قاسملوو بۆ عێراق لە ساڵی ١٣٤٩ و لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاویدا ڕەوتێکی لەبار و بەبەرنامە بۆ کاری ڕێکخستنەکانی حیزب هاتە ئاراوە، ڕێبەرایەتی جەمعی جێگیرتر، سەربەخۆیی سیاسی دەستەبەرتر بوو و حیزب لە ڕواڵەت و لە نێوەڕۆکدا ئاڵوگۆڕی قووڵی بەسەر خۆیدا هێنا و سیمایەکی دێموکراتیکتر و مودێرنتری بەخۆیەوە گرت، لەڕاستیدا ئەگەر پێشەوای نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزب بوو، دوکتور قاسملوو ڕێکخەرەوە و بووژێنەرەوەی حیزب بوو و دوکتور سادق شەرەفکەندیش پارێزەر و درێژەپێدەری ئەم ڕێبازە گرینگە بوو.

ورد و واقیعبینیی سیاسی و لێکدانەوەی درووست و نەچوونە ژێر تەوژمی کەشوهەوای زاڵ بەڵام ناڕاست بەسەر ژینگەی سیاسی ئێراندا تایبەتمەندییەکی دیکەی حیزبی دێموکرات بووە. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە کوردستان دەوری کاریگەری تێدا گێڕا پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، خومەینی ویستی لە ڕێفراندۆمێکدا نیزامی داهاتووی ئێران دیاری بکا، ڕایگەیاند کە خەڵک پێویستە لە نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی «نە یەک وشە زیاد و نە یەک وشە کەم» دا یەکیان پەسند بکەن. ئەوکات بەداخەوە زۆربەی خەڵک و هێزەکانی ئێرانی بە بەشێکی بەرچاو لە چەپ و ئیسلامییەکان و تەنانەت کەسایەتییە سێکۆلارەکانەوە بێ ئەوەی لێکیان دابێتەوە یا لە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامییەکەی خومەینی ئاگادار بن لە هەمان کاتدا ڕێژیمی پاشایەتیشیان ڕەت کردبۆوە دەنگیان بە سیستمی جێگای پەسندی خومەینی دا، بەڵام حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بە دوو هۆ لەو ڕێفراندۆمەدا بەشدارییان نەکرد.

**یەکەم:**
ئەوە کە ڕێفراندۆمەکەیان پێ دێموکراتیک نەبوو چوونکە بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە ناڕەزایەتی خەڵک بەرانبەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و نەگەڕانەوە بۆ ئەو سیستمە بەناچار دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا.

**دووهەم:**
حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەدوور لە کەشوهەوای زاڵ و ناڕاست تەنیا بە لێکدانەوەی خۆیان دڵنیابوون کە لە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینی و مەزهەبیدا نە دێموکراسی جێگای دەبێتەوە نە مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران دەستەبەر دەبێ، بەڵکوو هەڵاواردن و جیاوازیدانان و پەراوێزخستن دەبێتە سیاسەت و کردەوەی ئەو ڕێژیمە، ئەو هەڵوێستەی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات لەلایەن هێندێ لایەنی ئێرانییەوە کەوتە بەر ڕەخنە و تۆمەت وەپاڵدان؛ بەڵام ئێستا هەر ئەو هێز و لایەنانە و تەنانەت زۆربەی خەڵکی ئێران دان بە بۆچوونی درووست و هەڵوێستی واقیعبینانەی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات دادەنێن و ئەو شانازییە بۆ حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد مایەوە کە لە سەرەتاوە دەنگیان بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەدا.

هەروەها لەکاتی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێچەوانەی کەشوهەوای زاڵی ئەو کات ئەو کردەوەیەی مەحکوم کرد و بەڕەفتارێکی دژ بە نەریتە نێونەتەوەییەکانی زانی.

ڕچەشکێنییەکی دیکەی حیزبی دێموکرات بەپێچەوانەی کەشوهەوای زاڵ بەسەر حیزب و لایەنە چەپەکان لەپێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلتاریادا ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو ئامانجی دوارۆژی حیزبی لە سۆسیالیزمەوە دەگۆڕێ بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە هەم دەرخەری جیاوازی بۆچوونی حیزب لەوبارەوە لەگەڵ هێزە چەپەکانی دیکە بێ، هەم لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ناکرێ حیزبێک بۆ دێموکراسی خەبات بکا بەڵام ئامانجی دوارۆژی جۆرێک لە دیکتاتۆری بێ، ئەو بڕیارەی حیزب و ئەو بۆچوونەی دوکتور قاسملوو کە خراپترین دێموکراسی پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە بەتووندی کەوتنە بەر هێرشی بەشێک لە چەپەکان بەڵام ئێستا بەشێکی بەرچاو هەر لەو هێزانە ئەم ڕێگەیان گرتۆتەبەر.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران:

ڕێژیمی دیکتاتۆر و خاوەن ئیدئۆلۆژی دواکەوتووانە و دژی مرۆڤیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر زوو بەرانبەر بە هەڵوێستی واقیعبینانەی حیزبی دێموکرات دژکردەوەی نیشان دا و ڕێژیم لەگەڵ ئەوەی دەیزانی حیزبی دێموکرات خاوەنی چ پێگەیەکی بەهێزە و کاندیداکانی لە تەنیا هەڵبژاردنی ئازادی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشدا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانیان بۆ مەجلیسی شۆرا مسۆگەر کردووە و دوکتور قاسملوو لە پارێزگای ورمێ وەک نوێنەر بۆ مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردراوە بەم حاڵەش حیزبی دێموکراتی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و بەر بە چوونی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی نەتەوەی کورد بۆ مەجلیسی شۆرا و خوبرەگان گیرا.

بەوەشەوە ڕانەوەستا و لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا فتوای جەهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و لێرەوە شەڕێکی نابەرانبەر و زاڵمانە و بێڕەحمانە بەسەر حیزب و خەڵکی کوردستاندا سەپاند و لە هەموو لایەک و بە هەموو هێز و ئیمکاناتی شەڕەوە هێرش کرایە سەر کورد و کوردستان.

## هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرانبەر بەم بڕیارە دوژمنکارانەیەی ڕێژیم چی بوو؟

حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی کورد و خەڵکی کوردستان تەنیا دوو ڕێگایان لەبەر بوو، یا بەرانبەر بە زۆرداری و ماف پێشێلکاری ڕێژیم ملکەچ بکەن کە ئەوە لەگەڵ تایبەتمەندیی حیزب و نەتەوەی کورد یەکی نەدەگرتەوە یا پێویست بوو لە بەرانبەر هەر هێرش و پەلامار و پیلانێکدا خۆڕاگر بن و خەبات لە هەموو شێوەکانیدا درێژە پێبدەن کە ئەوە هەڵبژاردەی شایانی کورد و دێموکرات بوو.

ئەم سیاسەتەی ڕێژیم شەڕی بەناوبانگی سنە، پاوە و نەغەدە و قەڵاچۆی دەیان گوند و خەڵکی زۆری بێدیفاعی لێکەوتەوە بەڵام بەهۆی خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان پاش ٣ مانگ، خومەینی ناچار بوو شەڕ ڕابگرێ و بڕیاری وتووێژ بدا کە ئەویش بۆ خۆتەیارکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی بوو.

ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی ٧٥ ساڵەی حیزب و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بێ فرمێسک و خوێن و بێ تێچوو تێنەپەڕیوە، هەزاران تێکۆشەری دێموکرات گیانیان فیدای درێژەی خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد کردووە کە لە نێویاندا ڕێبەرانمان پێشەوای نەمر قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و دەیان ئەندامی ڕێبەرایەتی و فەرماندە و هەزاران کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بەوەجی حیزب دەبیندرێن، هەروەها هەزاران کەس لە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان بەدەست هێزە سەرکوتکەرانی ڕێژیم شەهید یا کەمئەندام کران یا لە بەندیخانەدا ئازار و ئەشکەنجەیان کەوتەبەر، بەدەیان جار بنکە و بارەگاکانی حیزب تۆپباران، خۆمپارەباران، بۆمباران و موشەکباران کران، بەڵام جێگای شانازییە کە هەموو ئەو زامە بەژانانە نەک بەچۆکیاندا نەهێناوە بگرە لە بڕینی ڕێگای خەبات تا گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان سوورتر و پێداگرتری کردوون.

دیارە بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان تەنیا لە بەرگری چەکداریدا بەرتەسک نەبۆتەوە! خەباتی شار و حەرەکەت و خۆپیشاندانەکانی خەڵک لەم ماوەیەدا بەتایبەت خرۆشانی شارەکان لە ساڵڕۆژەکانی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و کۆمەڵێک بۆنەی دیکەدا لایەنێکی گرینگی دیکەی ئەو خەباتە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەکورتی ئاماژەیان پێکران هیچ کات ئیدیعای نەکردووە کە بێ هەڵە بووە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە هیچ هەڵەیەکی وای نەکردووە کە خۆی نەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە.

ئێستاش پاش ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێ دەناسرێتەوە سیاسەتی دروست و واقیعبینانە، فیداکاری تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرزترین ئاستی خۆیدا و پشتیوانی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان لە حیزبی خۆشەویستی خۆیان حیزبی دێموکراتە. تاقیکاری ٧٥ ساڵ خەباتی بێ پسانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێمان دەڵێ تا ئەو کاتەی کە سیاسەت و هەڵوێست و بەرنامە سیاسییەکانمان هەڵقوڵاوی ویست و داخوازی نەتەوەکەمانن، هەروا بە پشتیوانی هەمیشەیی و بێ دەریغی خەڵکی کوردستان پشت ئەستوور دەبین و وەبیرمان دێنێتەوە کە لە هەر بڕگەیەکی ڕەوتی ئەو خەباتەماندا یەکگرتوو بووین، لەلای دۆستان بەرز و بەڕێز و لە بەرانبەر دوژمندا بەهێزتر بووین، بۆیە پێویستە وێڕای پاراستنی هەموو ئەسڵە دێموکراتیکەکانی حیزب ئەو مەسەلە گرینگ و پڕبایەخانەش هەروا ڕەچاو بکرێن.

## کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، تێکۆشەرانی فیداکاری دێموکرات؛

دوای ٧٥ ساڵ تەمەنی حیزبەکەمان خەباتی ئێستامان دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بەردەوامە، ڕێژیمێک کە بە ئیدئۆلۆژییەکی دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەیەوە دژ بە هەموو داخوازە دێموکراتی و نەتەوایەتییەکانمان دەوەستێ، نە باوەڕی بە دێموکراسی هەیە نە بە مافی نەتەوەکان لە ئێراندا، نە مافی مرۆڤ بە هێند دەگرێ بەڵکوو بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی دادەنێ، دژ بە مافی یەکسانی ژن و پیاو لە خێزان و لە کۆمەڵدایە و لەگەڵ ڕۆحی سەردەم ناتەبایە، هەموو داخوازێکی ئازادیخوازانە و ئینسانی بە زۆر و سەرکووت وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئەم ڕێژیمە هار و بێ هەوسارە لە ئاکامی کردەوە نادروست و نابەجێیەکانی و دەخاڵەت لە کاروباری وڵاتاندا هەلومەرجێکی دژواری بۆ خۆی پێکهێناوە و لەو سۆنگەشەوە خەڵکی ئێرانی لەگەڵ ژیانێکی نائەمن و گوزەرانێکی دژوار بەرەوڕوو کردووە، لەڕادەی جیهانیدا کەوتۆتە دژایەتی کۆمەڵێک وڵات کە هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ گەلانی ئێران نییە، ئەو ڕێژیمە تیرۆریزمی وەک بەشێکی جیانەکراو لە سیاسەتەکانی درێژە داوە و وەک ماکەی تیرۆریزم ناسراوە کە بڕیاری مێژوویی دەزگای قەزایی ئاڵمان دوای تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەڵگەی بەرچاوی تیرۆریزم و ڕیسوایی ئەو ڕێژیمەیە، بۆ پەرەپێدانی باوەڕە دواکەوتووەکانی پەلوپۆی هاویشتۆتە چەند وڵاتی ناوچە و سامانی خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی هەزینەی دەستە و گرووپە توندڕەوە تیرۆریستییەکان لەو وڵاتانە تەرخان دەکات.

وەزعی ئابووریی ڕێژیم لە سنووری داتەپییندایە و ژیان بۆ خەڵک لەوپەڕی تاڵی و بێدەرەتانیدایە کە ئەوە خۆی ناڕەزایەتی و دژایەتی زیاتری خەڵکی بەرانبەر بە ڕێژیمی لێکەوتۆتەوە و ڕۆژبەڕۆژیش لە پەرەسەندندایە، لەڕاستیدا ڕێژیم ڕەوایی خۆی لەدەست داوە و تەنیا پشتی بە هێز و کەرەسەی سەرکوت بەستووە کە ئەوەش بۆ هەمیشە بڕ ناکا، بەپێچەوانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پاراستنی تایبەتمەندییە دێموکراتیک و تواناکانی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەیە و لەڕادەی ناوچەیی و جیهانیدا وەک حیزبێکی بەپڕەنسیپ و کاریگەر لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان ناسراوە.

سەرجەم ئەم وەزعە کە ڕێژیمی تێکەوتووە، دەرەتانی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارتر دەکا، بۆیە بە ئامادەیی زیاتر و قورس و قایمترەوە درێژە بە خەباتی ڕەوامان دەدەین.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات یانی خەباتی شار و شاخ کە دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە وەک بڕیارێکی گرینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرینتر و لێکگرێدراوتر دەکەین، ئەوەندەی ڕێژیم بۆ دوژمن داتاشین هەوڵ دەدا ئێمە چەند ئەوەندە بۆ پەیداکردن و پاراستنی پێوەندی لەگەڵ دۆستەکانمان تێدەکۆشین. بەدڵنیاییەوە هاوخەباتیمان، یەکگرتوویی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەگشتی و تێکۆشەرانی دێموکرات بەتایبەتی و لێبڕاوی لە خەباتمان زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانمانە، بڕیاری کۆنگرەی ١٦ بۆ هەنگاوانی جیدی بەرەو یەکگرتنەوە و بەهێزکردنی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، پێکهاتنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەو چوارچێوەدا سەیر دەکرێن.

**جارێکی دیکە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب لە هەموو خەڵکی کوردستان و ئەویندارانی دێموکرات پیرۆز بێ**
**سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکرا.**
**سڵاو لە حیزبی دێموکرات دامەزرێنەری کۆماری کوردستان درێژەدەری ڕێبازی ڕێبەران و شەهیدان**
**سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان**
**ئەمەگناسیمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین**
**ڕێز و پێزانینمان پێشکەش بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،**
**درێژەدەرانی ڕێبازی پێشەوای نەمر قازی محەممەد،**
**دوکتور قاسملوو و**
**دوکتور شەرەفکەندی**
**نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران،**
**سەرکەوتن بۆ خەباتی حیزب و نەتەوەکەمان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی**

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ۷۵ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە




**خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان**
**کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

وەک ئاگادارن بەرپرسیارێتیی تاکە وشیارەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و تێفکرین لە بێ مافی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی سەروەری، خاڵی بنچینەییە لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا.

ئەم بزاوتە فکرییە لە سەر بنەما تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف گەشە دەکا و لە حیزبی دێموکراتدا دەگۆڕدرێ بە قەوارەیەکی تەشکیلاتی و سیاسیی بە بەرنامە.

سەردەمانێک کە بیر و هزری چەپی مارکسیستی باڵی بەسەر ژینگەی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لەو نێوەدا کوردستانیشدا کێشابوو و هزری نەتەوەخوازی وەک بیرێکی دواکەوتووانە سەیر دەکرا و بە پیلانی ئیمپریالیزم بۆ دابەشکردنی هێزی کرێکارانی جیهان دەهاتە ئەژمار، حیزبی دێموکرات لە سۆنگەی بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆیەوە، لەسەر بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ڕزگاری لە ژێردەستی و خەبات بۆ مافی نەتەوەیی پێداگرتر بووە.

بەپێی ئەو ڕەساڵەتە مێژووییەش بوو لە یەکەمین دەرفەتدا کە لە ئاکامی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئاستی ناوچەکە هاتە ئاراوە، بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر، کۆماری کوردستانی وەک «یەکەیەکی نەتەوەیی» دامەزراند.

هەرچەند تەمەنی کۆماری کوردستان بە پێوەری ژمارەی ڕۆژ و مانگەکان لە کەمی دا، بەڵام میرات و مێژووەکەی بە داهاتوو سپارد و بوو بە ڕێباز؛ بە جۆرێک کە نەوەکانی دواتر، خۆیان بە هاووڵاتیی ئەو کۆمارە دەزانن و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش مۆرکی سامانێکی نەتەوەیی پێوەیە.

بەو پێیە، بنچینەیەکی وەها پتەوی لە هەست و نەست و هزری ڕۆژهەڵات دانا کە دوای ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا و باقی بەڕێوەبەرانی، خەبات بۆ ژیانەوە و بنیاتنانەوەی بووەتە خولیا و هێڵێکی نەتەوەیی لە ستراتێژی و بەرنامەی سیاسیی حیزبی دامەزرێنەری؛ حیزبێک کە بە درێژایی مێژووی ۷۵ ساڵەی، بەرانبەر بە دوو دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئیسلامی، لە سەر هەمان هێڵ بەردەوام بووە.

ئێستا کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات بەرز ڕادەگرێ، زیاتر لە ڕابردوو بۆ گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی هیوادارە.

وشیارانەتر لە هەموو کات خەباتی بۆ دەکا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەروا پێشەنگ و ڕێکخەری ئەو خەباتەیە.

هەرچەند لە ماوەی ئەو ۷۵ ساڵەدا، بێجگە لە سەروبەندی پێش و پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان و، مەودایەکی کورتماوەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، کە سەرجەم لە چەند ساڵێک تێناپەڕێ، حیزبی دێموکرات بە ئازادی لە کوردستان چالاکیی نەبووە، بەڵام لەو ماوە کورتەدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بە کردەوە و بە شێوەی دامەزراوەیی، لە پێناو بەهاکانی ئازادی و دێموکراسی و سەروەریی نیشتمانیی و ژیانێکی ئازاد تێکۆشاوە.

دەسەڵاتی خەڵک (شووراکان)، پلۆرالیزم، یەکسانیی مافی ژن و پیاو، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی بیروباوەڕی سیاسی و ئایینیی جیاواز و ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکان، گرینگیدان بە بواری زمان، خوێندن و پەروەردە، بەشێک لەو پرسانەن کە بە بەرنامە و بە کردەوە هەوڵی بۆ دراوە.

خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی و ئەو ئامانجە بەرز و پڕبەهایانەی کە حیزبی دێموکرات هەوڵی بۆ داوە، لەگەڵ بنەمای فکری و سیاسیی ناوەند لە سەردەمی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی ناتەبا و پێک ناکۆک بووە. بۆیە حیزبی دێموکراتیان بە دژی دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دواکەوتووەکانی خۆیان داناوە و بە هەر شێوەیەک لە توانایاندا بووە، هەوڵی پەراوێزخستن و لەناوبردنیان داوە. لەناوبردنی ڕێبەرانی ئەو حیزبە ئامانجێکی سەرەکیی ئەوان بووە، هەر لەو ڕاستایەشدا پێشەوا قازی محەممەد، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، بە پیلانی ئەم ڕێژیمانە شەهید دەکرێن؛ بەڵام ئەزموونی ۷۵ ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە شەهیدکردنی ئەو ڕێبەرانە و هەزارانی دیکە لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، بڵێسەی ئاگری ئەو خەباتەی گەرمتر و بەتینتر کردووە. بەپێچەوانەی بیری تەسکی دوژمنان، حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە نییە کە بتوانن بە غەدر و خەیانەت و پیلان لە ناوی بەرن.

حیزبی دێموکرات، ناسنامەی نەتەوەییی هەیە و بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی کورد. ب

ە درێژایی قۆناغەکانی خەباتی، هەوڵی بۆ دابینکردنی سەروەریی نەتەوەکەی بە سەر خاکی خۆیدا داوە و دەیان ساڵە ڕێکخەر و پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ناکرێ باس لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بکرێت، بەڵام ڕۆڵی مێژووییی ئەم حیزبە نادیدە بگیردرێ.

مێژووی ۷۵ ساڵە، تەنیا مێژووی پێکهاتەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی نییە، بەڵکوو مێژوو و یادەوەریی دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانە، کە بە هەزاران تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ لە چەندین نەسڵ و لە سەرجەم چین و توێژ و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیایدا بەشدار بوونە.

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات لە دووتوێی ئەم مێژووەدا خاوەنی سەروەری و دستکەوت و سەرکەوتن بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان لە کەموکووڕی و هەڵەش بەدوور نەبووە. ئەگەر زۆرجار دەسکەوت و سەرکەوتنەکان ئاکامی هەلومەرج و دۆخی کات و شوێنە، بە هەمان شێوە بەشێک لە کەموکووڕی و نسکۆکانیش ئەنجامی هەمان بارودۆخن، لە حیزبی دێموکراتیشدا هەر بەو شێوەیەیە.

لەو مێژووە ۷۵ ساڵەیەدا، نەبوونی دەرفەتی چالاکیی ئازادانەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵات، دوورەوڵاتی و دابڕان لە خەڵک وەک سەرچاوەی مرۆیی و ڕێکخراوەیی، تا ڕادەیەک کەلێن و بۆشایی و دابڕانی دیکەشی لە پەیوەندیی نێوان حیزب و ڕۆژهەڵات بەجێ هێشتووە.

ئەمەش بۆخۆی هۆکاری کۆمەڵێک کەموکووڕی، بێ توانایی یا کەم توانایی بووە. ئەم دابڕانەش زۆرجار دەبنە هۆی سیاسەت و بەرنامەیەکی هەڵەی ئەوتۆ کە دەتوانێ زیانبار بێ.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییانە، حیزبی دێموکرات هەڵگری هێندێک کەموکووڕی بووە کە دەکرا کاری زیاتریان لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی کەموکووڕییەکان کەمتر ببنەوە. یەکێک لە گرنگترین کەموکووڕییەکان لایەنی «پەروەردەیی»ی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانیەتی.

بە واتایەکی تر نەبوونی ئیمکان و دەرفەتی پەیوەندیی زیندوو و بەرۆژ لەگەڵ ژینگەی ڕۆژهەڵات و هەروەها دۆخی سەرکوت و هەلومەرجی سەخت و دژواری خەبات، بوونەتە هۆکار تاکوو لە چەند قۆناغێکدا گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا کەمتر و درەنگتر لە بەرنامە و پێکهاتەی سیاسی و ڕێکخراوەییی حیزبدا ڕەنگ بداتەوە و، حیزب بە گوێرەی پێویست نەتوانێ بەو گۆڕانکارییانە ئاشنا ببێتەوە و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ؛ بە واتایەکی تر حیزبی دێموکرات پێ بە پێی گۆڕانکاری و گەشەی کۆمەڵگا و تاکەکانی ڕۆژهەڵات، نەیتوانیوە پەروەردەی خۆی لە ئاست ئەو گۆڕانکارییانە بەرێتە سەرێ و پێکهاتە و بەرنامەکەی لەگەڵ بەستێنی گۆڕانکارییەکان هەماهەنگ بکات، بۆیەش زۆر کات بەرەوڕووی کێشە و گرفتی گەورە و بچووک بووەتەوە.

خاڵێکی دیکە کە گرینگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێ قامکی لە سەر دابنێین، پێگەی جوغرافیایی و ڕۆڵی ستراتێژیکی ناوچەکانی باشووری زاگرۆس لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی نەتەوەییی ڕۆژهەڵاتدایە.

پێوەری سەرکەوتنی کۆتایی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات وەک یەکەیەکی نەتەوەیی و جوغرافیایی، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە و گواستنەوەی ڕەهەندەکانی خەباتە بۆ ئەم بەشە لە نیشتمان. سەرەڕای سیاسەتی لەمێژینەی داگیرکەر بۆ ئاسیمیلەکردن و دابڕان و تواندنەوەی ناسنامەی کوردیی ئەم ناوچەیە، هزری نەتەوەیی و کوردایەتی لەم ناوچەیە تا دێ گەشە دەکات، بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و سەرباری هەموو بەرنامە و هەوڵەکانمان نەمانتوانیوە ئەو بۆشاییە بە تەواوەتی پڕ بکەینەوە.

ڕوانینی کراوە و هزری ڕەخنەگرانە بۆ مێژووی ۷۵ ساڵەی حیزبی دێموکرات، فەزیلەتێکی فکری و زەروورەتێکی پەروەردەییە بۆ بەخۆداچوونەوە و بەڕۆژکردنی سیاسەت و بەرنامەکانمان. ئەم ڕوانینە وادەکات کە بە وردی سەرنج بخرێتە سەر کێشە و بەربەستەکان لە بەستێنی واقعی خۆیدا. هەوڵ بۆ دەستنیشانکردنی گرفت و کەموکووڕییەکان، بەشێکن لە پرۆسەی چارسەر.

لە کۆتاییدا دەمهەوێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێ کە بە هەموو کەموکووڕییەکانیشەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێستاش هەر جێگای هیوای زۆربەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتە. کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات ئەو حیزبە بە دروستی بە هی خۆیان دەزانی، بۆیە بە سەرکەوتنەکانی خۆشحاڵن، بە پاشەکشە و لاوازییەکانی هەستیارن، هێز و ورەی پێ دەبەخشن و لە تەنگانەدا پشتی دەگرن.

لە هەموو بەشەکانی کوردستانیشدا بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە لێی دەڕوانن.

ئەو ڕێز و پێگەیەش بەگشتی بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، لە ڕێبەرانیەوە بگرە تا دەگاتە هەزاران کادر و پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگر، کەمئەندام و زیندانیی سیاسی؛ بەرهەمی تێکۆشان و خەباتی چەندین نەسڵە کە بە سەدان هەزار کەس بە گوێرەی توانا و هەلومەرج پاڵپشت و یارمەتیدەری بوونە و خاوەندارێتییان لێ کردووە، بۆیە لەڕاستیدا هەموو شانازییەکانیشی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە.


بۆ ئێمەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیش، شانازییەکی گەورەیە کە لە ڕیزی حیزبێکی نەتەوەیی ئەوتۆدا خەبات دەکەین.

لە ۷۵ەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین لەبەرانبەر گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی ۷۵ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ئەو شەهیدانەی کە لە ڕێگای ئازادی کوردستان، گیانی پاکی خۆیان بەخت کردووە ، ئەمەگناسی و پیرۆزباییمان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بۆ زیندانیانی سیاسی، بۆ هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە دەردەبڕین و بەڵێن دەدەین درێژەدەری ڕێگای پڕ لە سەروەرییان بین.

لەم یادە پڕشکۆیەدا، پەیامی یەکڕیزی و هاوخەباتی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگای خۆڕاگری مەدەنی و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان دووپات دەکەینەوە.

**بژی حیزبی دێموکرات**
**سەرکەوتن بۆ کوردستان**

# جێ‌پەنجەی د. قاسملوو
# لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورددا



عەبدوڵلا حیجاب

کاتێك شەریف پاشا (١٨٦٥_١٩٥١) لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس (١٩١٩_٢٠) هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی دەدا کە پێشتر لەگەڵ شاندێکی ئەرمەنی بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و ئەرمەنی لە ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلیا لە سەری ڕێك کەوتبوون، دەیزانی کە بە بێ دیپلۆماسییەکی بەهێز ئیمکانی مسۆگەرکردنی پێگەی سیاسی بۆ کورد لە سەر خەریتەی جیهان لاوازە. ئەو بەتەنیا بە ڕادەی شاندێکی پڕکار هەوڵی دا، بەڵام بەداخەوە بەناکامی لە تاراوگە مایەوە تا لە ساڵی ١٩٥١دا لە شاری کاتانزارۆی ئیتالیا ماڵئاوایی لە کوردستان و هەموو هیوا و هزر و خەیاڵەکانی کرد.

لە دوایین ساڵەکانی ژیانی شەریف پاشادا، د.قاسملوو کە ئەو کات لاوێکی تازەپێگەیشتوو بەڵام لە بواری سیاسییەوە بەمشوور و چالاك بوو، بۆ درێژەدان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات دەژیا. پاریس، ناوەندی ڕۆشنبیری و ئازادی و پراگ، ئەو شارەی کە بەپێی هزری سیاسی ئەو سەردەمەی د.قاسملوو سیستمی ئیدەئال و بێقسوور بوو، ئەو دەرفەتەیان بۆ ئەو ڕەخساندبوو کە زیاتر بیری سیاسی خۆی گەشە پێ بدا. دەسپێڕاگەیشتنی ئەو بە سەرچاوە مێژووییەکان و گەڕانی بە شوێن هەموو ئەو کاناڵانەی کە دەیانتوانی یارمەتیدەری بن تا ئاواتەکانی بخاتە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسییەوە، بێگومان ئەوی بەرەو ناسینی شەریف پاشا هان دابوو. هەرچەند هیچ بەڵگەیەك لە دیداری نێوان ئەو دوو کەسایەتییە سیاسییە کوردە بە دەستەوە نییە، بەڵام ناکرێ قاسملوویەکی چالاك و خاوەن ڕۆئیای کوردایەتی ئاگای لە جموجۆڵەکانی شەریف پاشا نەبووبێ.

د.قاسملوو گرینگییەکی زۆری بە دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و جیهانی دەرەوەی ئەو بزووتنەوەیە دەدا. پێداگریی هەمیشەیی ئەو لەسەر ئەوە بوو کە گەلی کورد دەبێ لە ئاستی جیهانیدا چەندە دەتوانێ دۆست و پشتیوان پەیدا بکا و ڕایەڵکەیەکی بەرینی پێوەندی دابمەزرێنێ. بۆ ئەو گرینگ بوو کە حیزبەکەی هەمیشە وەك پرەنسیپ لەگەڵ «بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلانی ژێردەست، وڵاتانی سوسیالیستی و کۆڕوکۆمەڵە دێموکراتیکەکانی وڵاتانی ئەورووپایی» پێوەندیی دۆستانەی هەبێ بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو پرەنسیپە گشتییە، بۆ بەکارهێنانی هەموو دەرفەت و دەرەتانێك لەپێناو سەرخستنی ئەو خەباتەیدا کە بۆ خۆی سەرکردایەتی دەکرد، زۆر زیرەکانە دەرفەتەکانی دیکەشی دەقۆستەوە و دەیتوانی بە بێ دانی باج، ئیمکانی نوێ بخولقێنێ و دۆستی دیکە پەیدا بکا. چەمکی «دوژمنی دوژمنی من، دۆستی منە« بۆ د.قاسملوو چەمکێکی نامۆ نەبوو، بەڵام ئەو هیچ کات ئامادە نەبوو بە هەر قیمەتێك لەگەڵ هەموو دوژمنەکانی دوژمنەکەی پێوەندی دابمەزرێنێ یا بە مەرجەکانی ئەوان لەگەڵیان بکەوێتە هاوکارییەوە.

لە سەردەمی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوودا، جەمسەربەندییە سیاسییەکانی جیهان چوارچێوەیەکیان خوڵقاندبوو کە زیاتر لە لای ئەو ئەکتەرانەی د.قاسملوو وەك پرەنسیپ بە دۆستی کوردی دەزانین زەمینەی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان مومکین بوو. هەرچەند پێوەندی وڵاتانی سوسیالیستی لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوە ژێردەستەکان زیاتر ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی هەبوو و بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی جێی پەسەندی ئەوان و دژبەری کردن لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا بوو، بەڵام هەر ئەو نییەتە شاردراوەش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ئافریقا یارمەتیدەر بوو تا کۆمەڵێك وڵاتی نوێ بە سەربەخۆیی بگەن. ئەوە هاندەرێك بوو تا د.قاسملوو وەك سەرکردەیەکی خاوەن بەرپرسایەتی مێژوویی لەبەرامبەر گەلەکەیدا لەو سۆنگەیەوە بڕوانێتە ئیمکانی پشتیوانی وڵاتانی بلۆکی سۆڤیەت لە بزووتنەوەی کورد.

لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی سەدەی ڕابردوو و لە گەرمەی خەباتی سیاسی دوکتور قاسملوودا، ڕێژیمی شا تا ملان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئامریکا لە هاوپەیمانیدا بوو. دوای ڕووخانی شاش جەمسەربەندییە سیاسییەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر لە سەر ڕێبازی پێشوویان پێداگر بوون و سەرەڕای سەرهەڵدانی دوژمنایەتی لە نێوان ڕێژیمی نوێی ئێران و ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا، هیچ وڵاتێکی ڕۆژئاوایی ئامادە نەبوو دەستی دۆستایەتی بۆ لای بزووتنەوەیەکی سیاسی درێژ بکا کە بەپێچەوانەی پێوانە زاڵەکان بە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ناچار کرابوو بە شێوەی چەکدارانە بەرگری لە هەبوونی نەتەوەکەی بکا. لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە، ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو بزووتنەوە چەکدارییانەی کە بەشێك لە سیستمی سیاسی وڵاتێك پێك ناهێنن بۆ هاوکاری و هاوبەندی نابن، هەر چەند بەکردەوە ئەو پرەنسیپەی ڕۆژئاوا تەنیا تا کاتێك برەوی هەیە کە ئەو هێز و بزووتنەوانە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نەبن.

بەکردەوە هیوابەستن بە پشتیوانی وڵاتانی سوسیالیستیش هیچ خێرێکی بۆ کورد و بۆ حیزبی دێموکرات نەبوو، بەڵام لە بواری تیئۆرییەوە گونجاو بوو کە وا لێکبدرێتەوە لە کاتی لێکترازانی هاوکێشەکاندا ئەو وڵاتانە ئاوڕێك لە بزووتنەوەی کورد دەدەنەوە. بیری چەپی ئەو سەردەمەی دوکتور قاسملووش هاندەری بوو تا ئێنرژییەکی زۆر بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە دابنێ. بەوپێیە د.قاسملوو هەوڵێکی زۆری دا تا دەسکەوتێك لە تیئۆریی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی وەدەست بێنێ و بەتایبەت هەمیشە لە هەوڵدا بوو کە دەرگایەك بۆ پێوەندی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بکاتەوە؛ بەڵام لە ساڵانی بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا و چەند ساڵی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، جاسووسی حیزبی توودە لەمپەڕێکی گەورەی دروست کرد تا هەوڵەکانی د.قاسملوو بە ئەنجام نەگەن. حیزبی توودە ڕقی لە قاسملوو و ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەی ئەو بوو کە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە ژێر سێبەر و ڕکێفی چەپی کلاسیکی ئێران هێنابوویە دەرەوە بۆیە هەموو هەوڵی ئەو حیزبە ئەوە بوو کە ڕێگر بێ لە بەڕەسمی ناسین و دامەزرانی پێوەندی لەنێوان بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتانی سەر بە بەرەی سۆڤیەتدا. چیرۆکی سازکراوی وەرگرتنی یارمەتی ٩ میلیۆن دۆلاری لە ناتۆ لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کە ساڵی ١٩٧٩ قوت کراوە بەشێکی ئەو پرۆژەیەی حیزبی توودە بوو. ئەو کارە دەرگای سۆڤیەتی بە سەر ڕێبەرە بەئەزموونەکەی حیزبی دێموکراتدا گەڵادا، بەڵام هیوابڕاوی نەکرد کە ڕۆژێك ئەو وەزعە گۆڕانی بەسەردا بێ.

سەرەڕای کۆمەڵێك دیدار لەنێوان ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و وڵاتانی بەرەی سۆڤیەت، بەتایبەت خودی یەکیەتی سۆڤیەت، کە زۆرجار لە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە بەغدا ئەنجام دەدران، بە کردەوە لایەنی بەرامبەر هیچ بەو پێوەندییانە دڵخۆش نەبوو. بگرە حیزبی دێموکرات و د. قاسملوویان وەك لەمپەڕێك بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ دیکتاتۆریی تازەبەدەسەڵاتگەیشتووی تاران دەزانی؛ بەڵام ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکردنەوەی وتارێك لە ڕادیۆی کوردی یەریڤانەوە لە سەر کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات و بەردەوامی خەباتی ئەو حیزبە بوو بە هاندەر تا د.قاسملوو گوڕێکی پتری بە هەوڵەکانی بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ گەورەترین وڵاتی دامەزرێنەری کۆمەڵگا خەیاڵییەکەی بدا. (دەستم بە ئارشیڤ ڕاناگا و ڕێکەوتی دروستی ئەو وتارەم لەبیر نییە، بەڵام دەزانم پاییزی ساڵی ١٣٦٣ بوو و من چەند مانگێك بوو لە ڕادیۆی حیزب کارم دەکرد. کاتێك بە دوکتور قاسملووم گوت وتارێکی ئاوام لە ڕادیۆ یەریڤانەوە گوێ لێ بووە و قەیدم کردووە، پێکەنی و گوتی ئەوان بە بێ ئیزنی مۆسکۆ ئاو ناخۆنەوە، برۆ وتارەکەم بۆ دابەزێنە، بەڵام هەر بە کرمانجییەکەی و زوو بۆم بێنەوە).

گەلۆ ئەوە سیگناڵێك بوو یا هەر ڕێکەوتێکی سۆزدارانە لەلایەن کوردەکانی یەریڤانەوە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە د.قاسملوو هەلەکەی قۆستەوە و دوبارە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ سۆڤیەت چڕ کردەوە. ئەوەی ئێمە لێی ئاگاداربووین، سەفەری شاندێکی حیزب بە سەرپەرستی نەمر کاك فەتتاحی کاویان لە ڕێگای مۆسکۆوە بۆ دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری دێموکراتیکی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٥دا لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا بوو.

هاوکات لەگەڵ ئەو هەوڵانە، د.قاسملوو لە دەرگایەکی ئاواڵەتریشەوە دەیەویست پرسی کورد بەگشتی و خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە ڕۆژڤی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە. دەرگایەك کە دواتر بوو بە دەلاقەیەکی گرینگ بۆ بەرۆژەڤکردنی پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا. دوای دانوستاندنێکی چەندین ساڵە، سەرئەنجام د.قاسملوو توانی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێگایەك بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بکاتەوە. لێزانی و شارەزایی ئەو لە زمانی دیپلۆماتیکدا زۆر زوو ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە خۆی بگەیەنێتە لایەنە بڕیاردەرەکانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە کە لەو سەردەمەدا خاوەن نفووزێکی زۆر بوو و ڕێکخراوەکانی ئەندامی لە زۆر وڵاتی بەهێزی ڕۆژئاواییدا لەدەسەڵاتدا بوون بەڵام بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکان و گەیاندنیان بۆ ئاستی وەرگیرانێکی جیدی، هاوتەریب و خاوەن قسە، لانیکەم ٣ لەمپەڕی سەرەکی لە سەر ڕێگای د.قاسملوو و حیزبی دێموکرات بوون کە هەر سێکیشیان ببوون بە بەشێك لە ناسنامەی حیزبی دێموکرات: خەباتی چەکدارانە، بڕوا بە سۆسیالیزمی سۆڤیەتی و هەڵکەوتی حیزب لە دەرەوەی چوارچێوەی دامودەزگا فەرمی یا ڕێگاپێدراوەکانی وڵاتێکەوە کە لە ڕوانگەی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیستەوە خاوەن سەروەری سیاسی بوو.

دروست کردنی مەشرووعیەت لە ئاستی جیهانیدا بۆ هەر کام لەو پرسانە پێویستی بە شارەزایی و پرۆسەی دوورودرێژی سیاسی بوو کە دەبوو د.قاسملوو کاریان بۆ بکا. ئەو زۆر هەوڵی دا کە لە ڕوانگەی حقووقی نێونەتەوەییەوە خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی لە شەڕی چەکدارانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی یا دابەشکردنی دەسەڵات جیا بکاتەوە. هەموو هەوڵی ئەو بۆ ئەوە بوو کە بسەلمێنێ شەڕی چەکدارانە ئەو مێتۆدە خەباتە نییە کە گەلی کورد بە ویستی خۆی هەڵیبژاردبێ یا ئەوە کە دەستپێشخەری بووبێ. بەپێچەوانەوە لە هەموو کۆڕوکۆمەڵ و ناوەندێکی بڕیاردانـدا باسی بەرگریی کورد لە هەبوونی خۆی لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتێکدا دەکرد کە هیچ کام لە پێوانەکانی دەوڵەتداری نە لە نێوخۆ و نە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا ڕەچاو ناکا. لە چوارچێوەی ئەو بەرگرییەدا، د.قاسملوو هەم بەکردەوە لە مەیدانی تێکۆشاندا و هەمیش لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە کاری دەکرد تا لە شەڕی پێشمەرگەدا، لایەنی مرۆڤانە لەبەرچاو بگیرێ، زیان بە ئامانجە مەدەنییەکان نەگا، خەڵك نەبێتە قوربانی و کردەوەی تۆقێنەر کە تەنیا بەمەبەستی زەربەوەشاندن لەلایەنی دیکە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکانی بۆ دەورووبەر ئەنجام دەدرێ بە دەستی پێشمەرگە ڕوو نەدا. لە وتارێکدا کە ئەگەر هەڵە نەبم لە ساڵی ١٩٨٤ یا ٨٥دا لەپێوەندی لەگەڵ بەشداریی شاندێکی حیزب لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسەدا بە هاوفیکری نەمر دوکتور شەرفکەندی ئامادەی کردبوو و لە میدیاکانی فەڕانسەدا بڵاو کرایەوە بەڕوونی قامکی لەسەر جیاوازی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ خەباتی باقی بزووتنەوە چەکدارییەکانی جیهان کردبوو و نووسیبووی: ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تەنیا لەگەڵ هێزی چەکداری ڕێژیم لە شەڕداین، بۆیە ناوەندە ئابووری و مەدەنییەکان ناکەینە ئامانج، خۆمان لە ڕفاندنی فڕۆکە (کە لەو سەردەمەدا هەم باو بوو و هەمیش زۆر دەنگی دەداوە) دەپارێزین و تێرۆر وەك ئامرازی خەبات ڕەد دەکەینەوە.

ناساندنی چەمکی شەڕی ڕەوا لەبەرامبەر سەرکوتی دڕندانەدا بەپێی پێوانەکانی زاڵ بە سەر سیاسەتی جیهانیدا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ڕێگای بە د.قاسملوو دەدا تا زۆر دەرگا کە تا ئەو کات بۆ ئەو، حیزب و بزووتنەوەکەی داخراو بوون بکاتەوە. ئەو زۆر بە ڕاحەتی و زووزوو دەیتوانی کەمەری سەربازی، چەکی دەست و جلوبەرگە بۆرە پێشمەرگانەکانی لەگەڵ کراوات و شەل و چەکێتی ئوتووکراو بگۆڕێ و لە سەنگەری پێشمەرگانەوە بچێتە سەر کورسی دیپلۆماتێکی لێزانەوە. هەوڵەکانی قاسملوو نەیتوانی پشتیوانی لۆجیستیکی هیچ لایەنێکی ئازادیخواز یا وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بۆ بزووتنەوەی کورد مسۆگەر بکا، بەڵام بوو بەهۆی وەدەستهێنانی مەشرووعیەت

**د.قاسملوو گرینگییەکی زۆری بە دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و جیهانی دەرەوەی ئەو بزووتنەوەیە دەدا. پێداگریی هەمیشەیی ئەو لەسەر ئەوە بوو کە گەلی کورد دەبێ لە ئاستی جیهانیدا چەندە دەتوانێ دۆست و پشتیوان پەیدا بکا و ڕایەڵکەیەکی بەرینی پێوەندی دابمەزرێنێ**

**چەمکی «دوژمنی دوژمنی من، دۆستی منە» بۆ د.قاسملوو چەمکێکی نامۆ نەبوو، بەڵام ئەو هیچ کات ئامادە نەبوو بە هەر قیمەتێک لەگەڵ هەموو دوژمنەکانی دوژمنەکەی پێوەندی دابمەزرێنێ یا بە مەرجەکانی ئەوان لەگەڵیان بکەوێتە هاوکارییەوە**

درێژە لە لاپەڕەی ٥



درێژەی لاپەڕەی ٤

بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بەشێوەیەک کە میراتگرانی هەنووکەیی ئەو بزووتنەوە ئێستا بەکردەوە کەڵک لە بەرهەمەکەی وەردەگرن.

د.قاسملوو گرینگییەکی زۆری بە بەدامەزراوەکردنی خەباتی دیپلۆماتیکی کورد دەدا. لەو پێناوەدا و لە سەرەتای هەشتاکانەوە، لەژێر سیوانی ناوەندی فەرهەنگی کوردستان لە فەرانسە (ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان AFK) بنکەیەکی لە پاریس کردەوە کە بوو بە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات. دەفتەری حیزب لە فەرانسە یا دەفتەری پاریس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا وەک بنکەیەکی دیپلۆماتیک یا سفارەتی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت چاوی لێ دەکرا و کاری دەکرد. بەتایبەت لەبەر ئەوەیکە تا ئەو کات هیچ لایەنێکی کوردی ئادرێسێکی سەربەخۆی لە دەرەوەی خانووی تایبەتی ئەندامان یا نوێنەرانی خۆیان وەک ناوەندی پێوەندی گرتن و کاری حیزبی دانەمەزراندبوو، ئەو کارەی د.قاسملوو وەک نیشانەیەک لە ژیری سیاسی ئەو چاوی لێ دەکرا. هاوکات لەگەڵ کردنەوەی ناوەندێک بۆ کار و چالاکییە حیزبییەکان، د.قاسملوو گرینگییەکی زۆریشی بە کاری ئاکادێمیک و کاریگەری لابی لە کاناڵی زانستییەوە لە سەر بڕیار و بۆچوونی وڵاتان سەبارەت بە گەلی کورد و خەباتە نەتەوایەتییەکەی دەدا. ئەو لە ساڵی ١٩٨٣دا نەمر مام جەلالیشی هێنایە سەر ئەو بڕوایە تا پشتیوانی لە پڕۆژەیەکی ئاکادێمیک بکا کە کۆمەڵێک ڕووناکبیری کورد بۆ دامەزراندنی ئەنستیتۆیەکی کوردی لە دەرەوەی وڵات کاریان لە سەر دەکرد. پشتیوانی هەمەلایەنەی مادی و مەعنەوی ئەو دوو ڕێبەرە نەمرە یارمەتیدەر بوون تا ئەنستیتۆی کورد لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٣دا لە پاریس دابمەزرێ. پشتیوانانی دامەزراندنی ئەنستیتۆ وێڕای نەمران د.قاسملوو و مام جەلال، نەمران قاناتێ کوردۆ، یەلماز گونەی و غوڵامحوسێن ساعیدی (ڕووناکبیرێکی چەپی ئێرانی و دۆستی گەلی کورد) بوون. ئەندامانی دامەزرێنەری ئەنستیتۆش ڕووناکبیرانی کورد وەکوو کەنداڵ نەزان، سەیدا جگەرخوون، مامۆستا هەژار، مامۆستا تەوفیق وەهبی، قاناتێ کوردۆ، حەجیێ جندی، ڕەمزی ڕاسا و نورەدین زازا بوون. لەو سەردەمەدا ئەنستیتۆی کورد توانی وێڕای خەباتی ئاکادێمیک، وەرگرتنی بورسیەی خوێندن بۆ دەیان خوێندکاری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە و لەوانە چەندین کەس لە ئەندامانی حیزب و لاوە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئامادەکردنی دەیان بەڵگە و وتاری زانستی لە سەر مێژوو و سیاسەتی کورد، کۆمەڵێک دەرگای داخراوی دیپلۆماتییکیش کە کردنەوەیان بۆ سیاسەتڤانانی کورد ئاسان نەبوو، بە سەر بزووتنەوەی کوردستاندا بکاتەوە.

بۆ ڕەواییدان بە هۆکارەکانی هەڵکەوتی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی چوارچێوەی دامودەزگا فەرمی و ڕێگەپێدراوەکانی ئێراندا، دەبوایە د.قاسملوو وێڕای دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی حقووقی گونجاو لەگەڵ پێوانە ناونەتەوەییەکان بۆ شەڕی چەکدارانەی حیزبەکەی، نامەشرووعبوونی ڕێژیم و دامودەزگاکانیشی هەر لە ڕووی هەمان پێوانە جیهانییەکانەوە بسەلمێنێ. بە هەڵوێست و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی، هەر لە داگیرکردنی بالیۆزخانەی ئامریکاوە بگرە تا بەڕێوەبردنی کردەوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی وڵات و قەدەغەکردنی چالاکیی سیاسی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەو کارە زۆر دژوار نەبوو بەڵام نەشدەکرا تەنیا لە سەر بنەمای کردەوە نامەسئوولانەکانی ڕێژیم و تێڕوانینی جیاوازی بەشێکی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر سەرەڕۆیی و بێ پڕەنسیپییەکانی، بزووتنەوەی کورد چاوەڕوان بێ کە دەرگاکانی دیپلۆماسی بە سەریدا بکرێنەوە. بۆ ئەو کارە زەقکردنەوەی پێبەندی بە پڕەنسیپە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە پێوانەکانی زاڵ بە سەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا وەک پێوانەی جێگرتوو لە حیزبی دێموکراتدا و لە لای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەک بوو کە د.قاسملوو زۆر زوو هەستی پێ کردبوو و لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا پێبەندبوونی خۆی لەو چوارچێوەیەدا دووپات دەکردەوە.

خاڵێکی دیکەی ناکۆک لەگەڵ پێوەندییەکانی حیزب و ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، ئامانجی دوارۆژی حیزب بوو. حیزبێکی سیاسی کە چاوی لە دامەزراندنی سیستمێکی سۆسیالیستی وەک ئامانجی دوارۆژ بوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی لەگەڵ هێزە سۆسیال دێموکراتەکان بکەوێتە چوارچێوەیەکەوە، بۆیە حیزبی دێموکرات و د.قاسملوو دەبوایە چارەیەک بۆ ئەو پرسە بدۆزنەوە تا بتوانن کاناڵی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیست بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە بەشێک لە ئەکتەرە بڕیاردەرەکانی ئەو کاتی جیهان بەکار بێنن. سەرەڕای ئەوەیکە بژاردەی یەکەم و ئامانجی خەباتی هەنووکەیی و ئەوکاتی حیزبی دێموکرات خەباتی نەتەوەیی بووە و هەیە، بەڵام دانانی چوارچێوەیەکی سیاسی و تێئۆریک بۆ کۆمەڵگایەکی ئیدەئاڵ بۆ ئەو حیزبە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە نەدەکرا پشتگوێ بخرێ. گرفت لەوەدا بوو کە ئەو پڕەنسیپە بۆ برەوپێدان و گەشەکردنی خەباتی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکرات تا ڕادەیەک ڕێگر بوو. لەلایەکی دیکەشەوە خودی دوکتور قاسملووش لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوودا و پاش ئەزموونێکی دوورودرێژی ژیان و هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی بەرەوی سۆڤیەت هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە سۆسیالیزمی سۆڤیەتی بە بێ گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی دێموکراتیک ناتوانێ ئاواتەکانی ئەو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان وەدی بێنێ. هاوتەریببوونی ئەو دوو بابەتە هاندەر بوون تا د.قاسملوو پێداچوونەوە بەو ئامانجەدا بکا کە بۆخۆی وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٧١ گیرا دایناBوو. هێنانە گۆڕێی بیرۆکەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک ئەو ڕێگا ناوینییە بوو کە هەم دەیتوانی زەمینەی نزیکبوونی حیزب لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست خۆش بکا و هەمیش ئیدەئالە لەمێژینەکەی حیزبی دێموکرات و د.قاسملوو دەستەبەر بکا. بە لادانی ئەو ٣ لەمپەڕە لە سەر ڕێگای پێوەندی لەگەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، حیزبی دێموکرات وەکوو یەکەم و تەنیا حیزبی کوردستانی توانی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستکەوتێکی گەورەی دیپلۆماتیک بۆ خۆی و بزووتنەوەی کورد دەستەبەر بکا.

لە ئاستی ناوچەیی و لەپێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی جیرانیشدا جێ پەنجەی د.قاسملوو لە دامەزراندنی پێوەندی لە ڕووی پڕەنسیپەوە و بە بێ خۆبەدەستەوەدان زۆر دیارە. ئەو یەکێک لەو بەدەگمەن ڕێبەرانە بوو کە هەر زوو شەڕی نێوان ئێران و عێراقی وەک دەرفەت بۆ گەشەپێدانی خەباتەکەی بەکار هێنا بە بێ ئەوە بچێتە ژێرباری داخواز و بەرنامەکانی لایەنی پشتیوانەوە کە دەوڵەتی عێراق بوو. تەنانەت لە قۆناغە هەستیارەکان و لە کاتی زێدەڕۆیی لایەنی پشتیوان، د.قاسملوو و حیزبەکەی بە جاران هەڵوێستیان لە دژی کردەوەکانی عێراقیش دەگرت.

ئەگەر لێنین و هاوبیرەکانی لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩١٧دا بۆ تێپەڕبوون لە خاکی ئاڵمانەوە بۆ ڕووسیە کە لەو سەردەمەدا پێکەوە لە شەڕدابوون بەڵێنی کارکردن بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ئازادکردنی بارمتە ئاڵمانی و ئوتریشییەکانی بە ئاڵمان دا، هیچ بەڵگەیەک لەو بە هەزاران تۆن بەڵگەنامانەی کە دوای ڕووخانی سەددام ئاشکرا کران دەری ناخەن کە د.قاسملوو و حیزبەکەی لە هیچ شوێنێک و بە هیچ شێوەیەک بەڵێنییەکیان بە ڕێژیمی عێراق دابێ کە لە بەرامبەر پشتیوانی لۆجۆستیکیاندا ئیمتیازێک بە عێراق بدەن. لە بیرمە لە کۆبوونەوەیەکی بنکەی دەفتەری سیاسیدا جارێک پاش گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دەرەوەی وڵاتدا باسی دانیشتنی خۆی لەگەڵ کاربەدەستە باڵاکانی حیزبی بەعس و دەوڵەتی عێراقی کرد و گوتی وەبەر گوێیان خستووم کە لە شەڕی دژی هێزەکانی باشووری کوردستاندا کە لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا بێ سنوور چووبوونە پێش هاوکارییان بکەین. لەڕاستیدا ئەو هاوکارییەی هێزەکانی باشوور لەگەڵ سوپای ئێران لە کاتی شەڕدا نەتەنیا دەستی ئێرانی بۆ زەربەلێدان لە عێراق لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان ئاواڵە کردبوو، بەڵکوو بۆ کار و چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی حیزب و باقی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆر جار کێشەخوڵقێن بوو. لایەنی عێراقی لە دوکتور قاسملوویان پرسیبوو کە داخوا ئەو شێوە هەڵسوکەوتەیان پێ دروستە، کە ئەو وەڵامی «نە« بوو. دواتر پێیان گوتبوو کە ئەگەر ئەو کارەی هێزەکانی کوردی باشوور بە زەرەری ئەوانیشە، بۆچی لە پێناو قازانجی هاوبەشدا هاوکاریی یەکتر نەکەن. د.قاسملوو لە بەرامبەردا نموونەی هاوکاری سوورییە و ئێرانی بۆ هێنابوونەوە و پێی گوتبوون کە هاوکاریی سوورییە لەگەڵ ئێران پڕمەترسیتر و زەرەرمەندترە بۆ عێراق، ئەی بۆچی عێراق زەربە لە سوورییە نادا. عێراقییەکان وەڵامیان دابوو کە سوورییە وڵاتێکی عەرەبییە و ناکرێ شەڕی لەگەڵ بکەن. دوکتور قاسملووش هەر بە پشتبەستن بە مەنتیقی ئەوان وەڵامی دابووە هەر بەو شێوەیە کە شەڕی نێوان دوو وڵاتی عەرەبی ڕەوا نییە، شەڕی نێوان کوردەکانی دوو پارچەی کوردستانیش ڕەوا نییە.

بێجگە لە پێوەندییە سیاسییەکان، جێ پەنجەی د.قاسملوو لە دوو بواری گرینگی دەرمانی و ڕەنگدانەوەی میدیایی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵاتیشدا دیارە. بە هەوڵ و هیممەتی ئەو، ڕێکخراوی دوکتورە بێ سنوورەکان کە لە بواری یارمەتییە مرۆڤییەکانەوە خاوەن قورساییەکی نێونەتەوەییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستی پێشمەرگە یەکەم نەخۆشخانەی خۆی کردەوە. یارمەتی و هاوکارییەکانی ڕێکخراوی دوکتورە بێ سنوورەکان لە هەلومەرجێکدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بوو و لە هەموو بوارێکەوە گەمارۆ درابوو، بۆ ڕزگارکردنی گیانی پێشمەرگە بریندارەکان و پیراگەشتنی خەڵکی سیڤیل زۆر گرینگ بوو.

ڕەنگە ئێستا نووسینی بابەتێک لەژێر سەردێری «خەڵکێک کە لە بێدەنگیدا قڕ دەکرێ» لە ڕۆژنامە یا گۆڤارێکی بیانیدا زۆر هونەرێکی گەورە نەبێ، بەڵام لە ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی ڕابردوودا کە گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تەنیا لە ڕێگای ئەو بە دەگمەن ڕۆژنامەڤانانەوە بوو کە بە هیممەت و ڕێنوێنی د.قاسملوو و لە ڕێگای ئەو کاناڵانەوە کە ئەو دایمەزراندبوون دەهاتنە کوردستان کارێکی گەورە بوو. مانگی ئووتی ئەمساڵ، ڕاست ١٠٠ ساڵ بە سەر ڕێککەوتننامەی سێڤردا تێپەڕ دەبێ. لەو سەردەمەدا هەموو لابی و دیپلۆماسی کورد لە سەر شانی شەریف پاشا بوو. هەرچەند ئەو لە هەوڵەکانیدا سەرنەکەوت بەڵام یادگارێکی لە مێژووی کورددا بەجێ هێشت کە دەبێ نەتەوەی کورد هەتاهەتایە شانازیی پێوە بکا. هەر لەو مانگەدا، ٧٥ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا تێپەڕ دەبێ. لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات، بە تێپەڕکردنی دەیان هەوراز و نشێو و چەندین کەوتن و هەستانەوەی بەگوڕ توانیویەتی بەبەردەوامی هیوا و ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندوو ڕابگرێ و خەباتە نەتەوەییەکەی بەرەوپێش ببا. دوکتور قاسملوو، سەرکردەی بە کاریزما و ئەفسوونەیی ئەو حیزبە ٣١ ساڵ لەمەوبەر بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، بەڵام جێ پەنجەی ئەو نەتەنیا لە گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی خەباتی ئەو حیزبەدا، بەڵکوو لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە بەرزی ماوە و دەمێنێتەوە.

**دوکتور قاسملووش لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوودا و پاش ئەزموونێکی دوورودرێژی ژیان و هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی بەرەوی سۆڤیەت هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە سۆسیالیزمی سۆڤیەتی بە بێ گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی دێموکراتیک ناتوانێ ئاواتەکانی ئەو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان وەدی بێنێ**

**دوکتور قاسملوو، سەرکردەی بە کاریزما و ئەفسوونەیی ئەو حیزبە ٣١ ساڵ لەمەوبەر بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، بەڵام جێ پەنجەی ئەو نەتەنیا لە گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی خەباتی ئەو حیزبەدا، بەڵکوو لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە بەرزی ماوە و دەمێنێتەوە**

# حیزبی دێموکرات لەمپەڕێک بەرانبەر بە ئێرانیبوون

حیسام دەستپێش




خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانیان، خەباتێکە بەرانبەر بە ئەویتر کە داگیرکەرانی کوردستان بن.
ململانێی دوو ناسنامەیە، ناسنامەیەک کە خۆی دەسەپەنێ و ناسنامەیەک کە بەدوای سەروەریدا دەگەڕێ. ناسنامەی سەپێنراو لە هەموو فۆڕمێکیدا دەیهەوێ بوونی خۆی بچەسپێنێ و ناسنامەی ژێردەست بە هەموو شێوازێک دەیهەوێ دەربازی هەلومەرجی هەنووکەیی بێ و بگاتە هەلومەرجی خوازراو؛ بۆیە ململانێکان لە هەموو ڕەهەند و بوارەکانییەوە بەردەوامە. ناسنامەی باڵادەست ئەو توانایانەی کە دەوڵەت بۆی ئامادە دەکات بە ئاراستەی پتەوکردن و گشتیکردنی ناسنامەکەی خۆی کەڵکیان لێوەردەگرێ و لە هەمانکاتدا ناسنامەی ژێردەستیش بەرەنگاری لە هەموو جۆرەکانی بەکار دێنێت تاکوو لە ناسنامەی باڵادەستدا نەتوێتەوە.
پرسیارێک کە لێرەدا دەتوانێ ماناداربێ ئەوەیە کە کاتێک دەوڵەت لە خزمەت ناسنامەی سەپێنراودایە، ناسنامەی ژێردەست چۆن دەتوانێ بەرەنگاری ببێتەوە؟
بە واتایەکیتر ئەگەر ناسنامەی سەردەست کەرەستەیەکی بەهێزیی بە ناوی دەوڵەت بەدەستەوەیە، ناسنامەی ژێردەست هەڵگری چ کەرەستەگەلێکە؟
وەک گریمانەیەکی سەرەتایی دەکرێ بابەتەکە بەم شێوەیە بخەینە بەرباس کە کاتێک دەوڵەتەکان لە ناسنامەی خێڵەکی، بنەماڵەیی و ناوچەییەوە دەرباز بوون و فۆرمی نەتەوەییان بەخۆیانەوە گرت، دەوڵەت-نەتەوەکان بوون بە نوێنەری نەتەوە و هاووڵاتیان بوون بە هەڵگری ناسنامەیەک کە سەروەری ئەوانی بە سەر کیانێکی جوغرافیدا مسۆگەر کرد، ڕەوتی ئەم شێوازە لە نەتەوەیبوون و بە نەتەوەییکردنە لە وڵاتانی گەشەکردووی پیشەیی و وڵاتانی کەمتر گەشەکردووە، شێوازی جیاوازی بە خۆیەوە گرت. بە واتایەک دەوڵەت-نەتەوە بوو بە نوێنەری ڕاستەقینە و بەپێچەوانەکەی بوو بە زاڵکردنی ناسنامەیەک بە سەر ناسنامەیەکیتر. ئەگەر زیاتر سادەی بکەینەوە، بوون بە دەوڵەتی هاووڵاتی و دەوڵەتی و ئێتنیک یان قەومێکی تایبەت. ئەم ڕەوتە لە ئێران لەلایەن ناسنامەی باڵادەست بە ئاراستەی باڵادەستکردنی ناسنامەیەک بەسەر ئەوانیتردا دەستی پێکرد و خۆی کردە نوێنەری هەمووان. لە کاتێکدا ژینگەی سیاسی، کلتوری، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران هەڵگری چەندین ناسنامەی جیاوازە. لێرەدا پرشیا گۆڕدرا بۆ ئێران تاکوو بڵێن هەمووان خاوەن کیانێکن تەنیا هی فارسەکان نییە. لێرەدایە کە لە بەر ئەوەی دەوڵەت و تواناکانی کەوتنە خزمەت تەنیا ناسنامەیەکەوە، بەرەنگاری دەستی پێکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرهەمی دەسپێکی ئەم بەرەنگارییە. ئێستا کە لە ژیانی حەوت دەیە و نیوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نزیک دەبینەوە، دەمانهەوێ بە ئاوڕدانەوە لە پرسی ئێرانیبوون و لەمپەڕبوونی حیزبی دێموکرات تاوتوێی بابەتەکە بکەین تاکوو زیاتر بۆمان ڕوون ببێتەوە کە ئاخۆ ئەم حیزبە لەمپەڕە؟

## ئێرانیبوون

ئێرانیبوون لە واتا و پێناسەی زاڵ لە ئێران نوێنەرایەتی هاووڵاتیبوون دەکات؛ بەڵام لە ناخی خۆیدا هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسییە بۆ سەپاندنی سەروەریی ناسنامەیەک بە سەر ئەوانیتردا. ئەم پرۆژە بە شێوەیەکی مودێرن لە ساڵانی کۆتایی قاجارەکان سەریهەڵدا و دواتر لە فۆرمی دەوڵەتی پەهلەوی یەکەمدا جێگیر بوو، پاشان لە سەردەمی پەهلەوی دووهەمدا گەشەی کرد و لە ئەمڕۆدا کۆماری ئیسلامی بە تێکەڵکردنی ئایین درێژە بە ژیانی دەدات. لە هەموو ئەم قۆناغانەدا دوو بابەتی گرینگ هەیە کە ئاراستەی ئێرانیبوونیان بەدەستەوە گرتووە. بابەتێک بە ناوی مێژوو و ئەویتر ئایینی شێعە وەک بنگەیەک بۆ یەکانگیری کۆمەڵگای فارسی. بەو مانایە کە زۆربەی فارسەکان شوێنکەوتەی ئەم ئایینەن. کۆڵەکەکانی ئێرانیبوون لە سەر زمان، مێژوو، کلتوور، ئایین و ئەو ئەفسانانە ڕاوەستاوە کە هەموویان نوێنەرایەتی دونیابینی فارسەکان دەکەن؛ بەڵام بە درێژایی چەندین دەیە ناسنامەکانیتر ناچارکراون کە وەک تایبەتمەندی ناسنامەی خۆیانی ببینن.
بۆ چەسپاندنی ئێرانیبوون کەرەستەی نەرم و ڕەق هەیە. کەرەستە نەرمەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەرهەمهێنانی مانا لە ڕێگەی کتێب، ڕۆژنامە و لە دەیەکانی دواییدا دونیای مەجازی و هتد. کەرەستە ڕەقەکان ئەو توانایانەن کە دەوڵەت وەک کوتەکێک بەدەستییەوەیە بۆ سزادان یان پاراستنی نەزمی خوازراو.
لە مانا نەرمەکاندا، تاکەکانی دانیشتووی جوغرافیای سیاسی ئێران ڕووبەڕووی نەزمێکی مانایی دەبنەوە کە ژینگەی ئەوە خۆش دەکەن کە ئەم تاکانە بە شێوەیەکی ئیختیاری یان بە ڕەزامەندییەوە خۆیان بە ئێرانی بزانن. لەم بوارەدا هەموو جمگە کلتوورییەکان یان پەیوەندیدار بە کلتوورەوە لە کاردان بۆ بەرهەمهێنانی مانا. بە شێوەیەک کە ڕۆژانە لە بەرهەمهێناندایە و خۆی نوێ دەکاتەوە. بەشێک لەم کەرەستە نەرمانە، بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانە، وەک قوتابخانە، زانکۆ، ناوەندی کلتووری و هتد. هەرچەند ئەمانە وەک بەشێک لە ژیانی ئاسایی دەبینرێن، بەڵام لە جەوهەری خۆیاندا کەرەستەیەکن بۆ ناسنامەی باڵادەست؛ بۆیە تاکەکان بە ڕەزامەندی خۆیان ئاوێتەی دەبن. لە کاتێکدا لە سەر گێژەنگەی ناسنامەی باڵادەست دەسووڕێن.
لەلایەکیترەوە کەرەستەی ڕەق بوونی هەیە کە یاسای بوونی دابین دەکرێ و بەپێی ئەم یاسایانە تاک ڕووبەڕووی سزا، لانەدان یان پاراستنی نەزم دەبێتەوە. لەم نەزمەدا بونیادێکی بنەڕەتی هەیە، ئەویش پاراستنی ناسنامەی سەردەست و سەروەرییەکی بە سەر ئەواندایە؛ بۆیە دەوڵەت دەبێتە کەرەستەیەکی قەومی و مل نادا سەروەری خۆی لەگەڵ ئەوانیتر بەش یان یەکسان بکات.
بەگشتی هەرچەند هەوڵ دەدرێت کە ئێرانیبوون وەک وێنایەکی کلتووری پیشان بدرێت کە وێنەیەک هاوبەشی هەموو دانیشتووانی ناو چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێرانە بەڵام پرۆژەیەکی سیاسییە لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی ناسنامەیەکی تایبەتدا.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەم پارتە سیاسییە نوێنەرایەتی ناسنامەیەک بە ناوی کورد دەکات کە لە ئێران بۆ چەندین دەیە کە لە پەراوێزی ناسنامەی باڵادەستدایە و بە هەموو شێوەیەک ئینکار یان ڕەتکراوەتەوە. (کاتێک دەڵێین ڕەتکردنەوە، مەبەست قەدەغەکردنی هەموو جۆرە سەروەرییەکی سیاسییە).
هاتنە کایەی حیزبی دێموکرات بەرهەمی ڕەتکردنەوەی ناسنامەی سەپێنراوە. ئەم ڕەتکردنەوەیە بەم حیزبەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵام لە دێموکراتەوە فۆڕمێکی مودێرنی لە خۆرهەڵاتی کوردستان پەیدا کردووە. کاتێک پرۆژەی بەئێرانیکردن دەست پێدەکا، بەرەنگاری کوردستانیانیش هێز دەگرێ. ئەم هێزگرتنە بە چین یان ئەو توێژانەوە دەست پێدەکا کە هەڵگری ناسنامەی خێڵەکی یان ناوچەیی بوون؛ بەڵام زوو دەربازیی دەبن و فۆرمی سەروەری نەتەوەیی بە خۆیانەوە دەگرن و داوای کیانێک بۆ کوردستانیان دەکەن. بەڵام مانیفێستی ڕێکخستنی و فکری ئەوان کەمتر پێناسەکراو دەبێ. خاڵی باڵکێش ئەوەیە کە بە سەرهەڵدانی پرۆژەی ئێرانیبوون کۆمەڵگای کوردیش داوای ناسنامە و سەروەری خۆی دەکات. بە واتایەکیتر، ژینگەی ناسنامەیی و ململانێی ناسنامەیی ئاراستەیەک بە خۆیەوە دەگرێ کە ئێرانیبوون بەرانبەر بە کوردستانیبوون دەبێ.
حیزبی دێموکرات لەم ژینگەیەدا لەدایک دەبێ. ژینگەیەک کە بزاڤێکی کلتووری و سیاسی بەناو ژێکاف گەرا سەرەکییەکان دادەنێ و دواتر پارتی سیاسی و بە کۆماری کوردستان دەگاتە لوتکە. وەک چۆن ئێرانییەکان بە وشە و مانا دەسپێدەکەن و دەگەنە دەوڵەت. خۆرهەڵاتییەکانیش بە ماناکانی ژێکاف دەست پێدەکەن، دەگەنە نەزمی ڕێکخراوەیی و دواتر بونیادنانی دەسەڵات یان کیانی سیاسی. ئەو ژینگە حیزبی دێموکرات دەکاتە ڕاستییەک لە جیهان و کۆمەڵگای کوردستانیدا، نوێنەرایەتیکردنی ناسنامەیەک لە دەرەوەی ناسنامەی زاڵ یان فەرمی. بە مانایەکیتر، لە ئەنجامی ململانێی ناسنامەیەک کە فەرمی بووەتەوە و سەروەری هەیە و ناسنامەیەک کە بەدوای فەرمیبوون و سەروەریدا خەبات دەکات.
قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕووخانی کۆماری کوردستان تەواو دەبێ. لەو قۆناغەدا حیزبی دێموکرات هەموو بناغەکانی لەمپەڕبوونی خۆی بەرانبەر بە ناسنامەی داگیرکەر مسۆگەر دەکات و دەبێتە هەڵگری ناسنامەیەک بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانیان. حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەدا بەرانبەر بە سەقامگیری پرۆژەی ئێرانیبوون دەوەستێتەوە. هەمان پرۆژە کە ڕەزاشا خۆیی بۆ تەرخان کرد و بوو بە دەسپێکی ژیانی سیاسی حەمەڕەزاشا.
هەرچەند دەتوانین بڵێین کە قۆناغی یەکەمی لەمپەڕبوونی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە ئێرانیبوون زۆر گرینگە بەڵام قۆناغی دووهەمی ژیانی حیزبی دێموکرات گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر سەردەمی ڕەزاشا ئێرانیبوون سەقامگیر بوو، بەڵام سەردەمی حەمەڕەزای کوڕی سەردەمی گەشەکردنی بوو بۆ پەراوێزەکان. لەم سەردەمەدا کەرەستە نەرم و ڕەقەکان بە قووڵی هاتنە ناو کۆمەڵگای کوردستانییەوە؛ بۆیە لە نەبوونی بەرەنگاری، کۆمەڵگای کوردستانی ئاسانتر لە پرۆژەی ئێرانیبووندا دەتوایەوە. تا ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی ململانێی حیزبی دێموکرات و دەسەڵاتدارانی تاران نەیتوانی واتایەکی فراوان بەخۆیەوە بگرێت بەڵام سەرهەڵدانە بچووکەکان ئیرادەیەک بوون بۆ ڕێگری لە گەشەکردنی ئێرانیبوون بۆیە بەربەرەکانێی ناوە ناوەیی حیزب و تاران لە هاتنە کایەی شۆڕش لە ئێران وڵامی خۆی وەرگرت.
لەم قۆناغەدا حیزبی دێموکرات دەبێتەوە ئەکتەر و دیسانەوە پرۆژەی ئێرانیبوون و کوردستانیبوون دەکەونە ململانێی یەکتر. لێرەدا نابێتە سەنگەری لایەنگرانی ئێرانیبوون وەک پرۆژەی پەهلەوییەکان و نابێتە سەنگەری کۆماری ئیسلامی وەک پرۆژەی ئایینی ئێرانیبوون. بۆیە دەچێتە سەنگەری بەرەنگارییەکەوە کە لایەکی دیمۆکراسییە و لایەکیتری سەروەری خۆرهەڵاتی کوردستانە. لێرەشدا کوردستان دەبێتە سەرنگەری بەرگری و حیزبی دێموکرات ڕۆڵی بونیادی لەم بەرگرییەدا دەبینێ. ئەم قۆناغە ئیتر خۆرهەڵات دەربازیی سەردەمێکیتر دەکات. سەردەمێک کە کوردبوون گەشەی جوغرافی و فکری بەخۆیەوە دەگرێ و دەبێتە لەمپەڕێکی جیددی بەرانبەر بە ئێرانیبوون.
هەرچەند لەم ساڵانەدا ڕۆژەڤی زۆر گرینگ بوونیان هەبووە تاکوو لەمپەڕبوونی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە ئێرانیبوون باسی لە سەر بکرێت بەڵام پێم وایە سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکان و ڕاسانی خۆرهەڵات جیدیترین قۆناغەکانن. چونکە دەسەڵاتی ڕووتی کۆماری ئیسلامی جێگای خۆی دەداتە دەسەڵاتێکی نەرم کە بەشێک لەو دەسەڵاتە بۆ بە ئێرانی و ڕیفۆرمخوازکردنی خۆرهەڵاتی کوردستانە. ڕیفۆرمخوازەکان بە تەشەنەکردنە کوردستان دەیانهەوێ کوردستانیان ئاوێتەی پرۆژەی خۆیان بکەن وەک کارتێکی سیاسی و لەهەمانکاتدا تواندنەوەی بزاڤی سیاسییەکانی کوردستان بکەنە ڕاستییەک. بەڵام دیسان لەمپەڕە هەمیشەییەکە مل نادات و وەک کۆسپ دەمێنێتەوە. بۆیە بە شکستهێنانی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک پەراوێز ناکەوێ بەڵکوو پێداگری لە سەر گوتاری نیشتمانی و کوردستانی دەکات.
وێستگەی دوایی ڕاسانی خۆرهەڵاتە. لەم قۆناغەدا ئێرانیبوون بە هۆی پانبوونەوەی ئێرانییەکان لە عێراق، سوریە، یەمەن و لوبنان و هەروەها ڕێککەوتنی ناوکی وا دەکات کە ئێرانیبوون سیمایەکی فراوانخواز و خۆبەزلزان بەخۆیەوە بگرێ و وا بکات کە سیمایەک پڕ لە هەیمەنە لە خۆی بەرهەم بێنێت. لە ژینگەیەکی لەم شێوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرهەڵدەداتەوە و داوای ڕاسانی خۆرهەڵات دەکات؛ بە واتایەک دەبێتە لەمپەڕێک بەرانبەر بە ملهوڕی و سەرەڕۆیی ئێرانیبوون.
لە کاتێکدا ئێرانیبوون خۆی وەک حاکم و سەروەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێ حەماسەی قەرەسەقەڵ و کۆساڵان، نەورۆزی جامانەکان، خاکیپۆشان، حەماسەی کرماشان و لوڕستان، جەژنی ئاڵا و ... هتد ڕاستەخۆ هەیمەنەی ساختەیی ئێرانیبوون دەبەنە ژێر پرسیار و بەری پێدەگرن.
هەرچەند هەموو خۆرهەڵاتییەکان لەم ستراتژییەدا بەشداربوون لە هەمانکاتدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە حیزبی دێموکرات ڕۆڵی بونیادی دەگێڕێ؛ بەو مانایە کە لە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی کە پێداگرییە لە ئیرادە و سەروەری کوردستانیان پاشەکشێ ناکات و قیت بەرانبەر بە ئێرانیبوون ڕادەوەستێ بۆیە لێرەشدا حیزبی دێموکرات وەک لەمپەڕە هەمیشەییەکە دەمێنێتەوە.

## ئەنجام

ئەوەی لێرەدا وەک لەمپەڕبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسمان لێوە کرد ئاوڕدانەوە لە بزاڤ و پارتێکی سیاسی بوو کە بۆ چەندین دەیە وەک نوێنەری گوتاری نیشتمانی لە کوردستاندا خەبات دەکات بەڵام بە درێژایی ئەم ساڵانە لە سەر ڕێگایەک پێداگر بووە ئەویش ڕاوەستان یان پێداگری بووە لە سەر ناسنامەی کوردستانی بەرانبەر بە ئێرانیبوون. چونکە سەروەری کوردستان لای ئەم حیزبە بە هاتن یان ڕۆیشتنی دەسەڵاتێکەوە گرێی نەخواردەوە، بەڵکوو بە ماف و ڕزگاری کوردستانەوە پەیوەست بووە بۆیە کاتێک دەڵێین لەمپەڕ، ماناکەی ئەوەیە کە لایەنی بەرانبەری دێموکرات ئێرانیبوونە نەک پەهلەوییەکان یان کۆماری ئیسلامی. چونکە ئێرانیبوونە کە گوتاری بنەڕەتی لە دەسەڵاتداری لە ئێران ئاراستە دەکات، نەک دەسەڵاتە جیاوازەکان. لێرەدایە کە ئەوەی ئاراستەی خەباتی حیزبی دێموکراتیش دیاری دەکات، کوردستانیبوونە نەک مامەڵە لەگەڵ سیستمە جیاوازەکان بۆیە ململانێی سەرەکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئێرانیبوونە، ئەو ئێرانیبوونە کە تاکوو ئەمڕۆ پێناسە کراوە؛ کەواتە لە ئەگەری بەردەوامی ئێرانیبوون بەم شێوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەک لەمپەڕ دەمێنێتەوە.

**ئەوەی ئاراستەی خەباتی حیزبی دێموکرات دیاری دەکات، کوردستانیبوونە نەک مامەڵە لەگەڵ سیستمە جیاوازەکان بۆیە ململانێی سەرەکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئێرانیبوونە، ئەو ئێرانیبوونە کە تاکوو ئەمڕۆ پێناسە کراوە؛ کەواتە لە ئەگەری بەردەوامی ئێرانیبوون بەم شێوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەک لەمپەڕ دەمێنێتەوە**

# دێموکرات و
# کاریگەریی خەباتەکەی لەسەر سڵامەتی دەروونی تاکی کورد

ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

لە کاتێکدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەبەرەی بەرزڕاگرتنی جەژنی حەفتادوپێنجەمین ساڵوەگەری تێکۆشانی خۆیدایە، ئەم پرسیارە لۆژیکی دەنوێنێ کە داخوا کاریگەری خەباتی حیزبی دێموکرات لەسەر مێنتالیتەی تاکی کورد لە بیاڤی سەرەکی هەڵسووڕانی حیزبەکەدا، واتە کوردستانی ڕۆژهەڵات چییە؟
ئەم وتارە تەرکیزی لەسەر ڕۆڵی خەباتەکە لەسەر شوناسی نەتەوەیی تاکی کورد دەبێت و پێشنیار دەکات کە ئەم ڕۆڵگێڕانە کاریگەری پۆزەتیڤی بەرچاوی لەسەر سڵامەتیی دەروونی تاکی کورد هەبووە.

- پێویستیی هەڵسەنگاندنی فرەڕەهەند

زۆر جار لەبەر ئەوەی خەباتی ئەم حیزبە بە خەباتێکی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە پێناسە دەکرێت، بەو واتایە کە ئامانجە سەرەکییەکەی ڕزگارکردنی ئەو بەشە لە نیشتمانی کوردان لە ژێر داگیرکاری و هێنانەئارای سەروەری نیشتمانی و ئازادی و دێموکراسییە، کاریگەری خەباتەکە لەسەر تاکی کورد کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. سەرکەوتنی خەباتەکە بە ئامانجە سەرەکییەکەیەوە گرێ دراوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕەخنەگری ناشارەزا، هەوڵ و تێکۆشانی حیزب و جەماوەری کوردستان کە بەردەوامییەکەی بە درێژایی ئەم ساڵانە گرێدراوی قوربانیدان و فیداکاری تاکی کورد و کۆی کۆمەڵگا بووە، بخاتە ژێر پرسیارەوە.
لەوێڕا کە جگە لە قۆناخی کۆماری کوردستان (١٣٢٤-١٣٢٥) و ماوەیەکی زەمەنیی کورتی دەسەڵاتداریی ناسەقامگیر لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، تاکی کورد لەو بەشەی نیشتمانەکەی زیاتر شاهیدی خەبات و قوربانیدان بووە، پرسیارێک کە زۆر جار ڕووبەڕووی خەباتەکە بووەتەوە ئەوەیە کە داخوا کەی بڕیارە داری هیوای کورد کە بە خوێنی ڕۆڵەی کورد ئاو دراوە، بگاتە بەرهەم؟ ئەم پرسیارە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا لۆژیکی دەنوێنێت، لە ڕاستیدا هەڵگری ئەو پێشفەرزە هەڵەیە کە خەباتی ڕزگاریخوازانە ناکرێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر تاک و کۆمەڵگا هەبێت ئەگەر ڕزگارییەکە مسۆگەر نەبووبێت. پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو ون نەبێت کە چۆن سیستمی حکوومەتداری بە ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر تاک هەیە، هەر بەو شێوەش کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لەسەری کاریگەرن، لەوانەش باری کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی. وێناچێ جێی موناقشە بێت کە تاکێکی گۆشکراو بە کولتووری بەرخۆدان تەیارە بە ئامرازێکی تواناییبەخش کە تاکێکی خۆبەدەستەوەدەر و هیوابڕاو لێی بێبەشە. تاکێک کە خۆی بە بەشێک لە کۆیەک بە ناوی کۆمەڵگا دەزانێت ژیانێکی سڵامەتتری هەیە لە تاکێک کە خۆی لە نێو جەماوەرێک تاکی هەلپەرەست و بەدوور لە ئەخلاقی مرۆیی وێنا دەکات.
ئایا خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەم حەوت دەیە و نیوەدا کاریگەری لەسەر مێنتالیتەی تاکی کورد داناوە؟ و ئەگەر وایە، چۆن؟

- تاکی کورد لەبەردەم کولتووری داگیرکەردا

کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ژیان وەکوو ئەندامی کەمینەیەکی خاکداگیرکراو یان بەگشتی بێبەش لە ماف لەسەر پەرەسەندنی کەسایەتیی تاک زۆرن. یەک لەوانە، «گرێی خۆبەکەمزانین»ە (inferiority complex) کە چەمکێکی جێگرتوو لە دەروونناسیدایە بۆ پێناسەی نەخۆشییەکی دەروونی.
ئەم چەمکە سەرەتا لە لایەن دەروونناس ئالفرێد ئادلێر (Alfred Adler)ەوە هاتە بەرباس بۆ پێناسەکردنی «هەستێکی ئاگایانە یان نائاگایانەی خۆبەکەمزانین لە بەرامبەر ئەوی دیکەدا».
ئەم نەخۆشییە دەتوانێ کاریگەری زۆر نێگەتیڤی لەسەر کەسایەتی تاک هەبێت بەجۆرێک کە متمانەبەخۆبوون، توانایی ڕکەبەرایەتیکردن و هەوڵدانی بە ڕادەیەکی بەرچاو تێدا دەکوژێت. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم «هەستی خۆبەکەمزانین»ە دەکرێ «ترس لە جیاوازیدانان» واتە «جیاوازیدانان بەنیسبەت تاکێک لەسەر بنەمای بنەماڵەیی، نەژاد، ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری، ئاستی خوێندەواری، ئایین و مەیلی سێکسی و هتد»١ بێت.
هەڵاواردن دژی تاکی کورد لە کۆمەڵگای ئێراندا لە هەموو بوارەکاندا بەرچاوە. بۆ نموونە، کوردەکان ئیزنیان نییە مافی خۆبڕیاردانیان هەبێت لە ناوچەی خۆیاندا، مافیان نییە بە زمانی خۆیان بخوێنن، مافیان نییە هاوشێوەی نەتەوەی سەردەست لە بڕیاردانی سیاسی بۆ وڵاتدا بەشدار بن و هتد. منداڵێکی کورد هەر لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانەوە بە ئاشکرا بەرەوڕووی هەڵاواردن دەبێتەوە و سیستمی فەرمی پەروەردە لە ئێراندا ڕاست باری دەروونی ئەو منداڵانە بە مەبەستی بەهێزکردنی «هەستی خۆبەکەمزانین» تێیدا نیشانە دەگرێت. ئەمە نە بە ڕێکەوتە و نە بە هۆی هەڵەی سیستمەکەوە، بەڵکوو ئامانجێکی سیاسی لەپشتە. کتێبە دەرسییەکان بۆ هەموو منداڵانی دانیشتووی ئێران بە یەک جۆر و بە جۆرێک ئامادە کراون کە تێیاندا ئەو پێشفەرزە لەبەرچاو گیراوە کە منداڵێک کە پێ دەنێتە پۆلی یەکەم، دایک و باوکی فارسن و بە جوانی بە فارسی دەدوێت.
کاتێک منداڵێکی کورد یان منداڵێکی تورک لە قوتابخانە ناتوانن بە باشی وانەکانیان بخوێنن، هەست دەکەن شتەیەکیان کەمە و هەر لەو نوختەڕا تۆوی نەخۆشی دەروونی «هەستی خۆبەکەمزانین» تێیاندا چەکەرە دەکات. کاتێک ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ وازهێنانیان لە خوێندن، ئەودەم لە باری خوێندەواریشەوە خۆیان بە کەمتر دەبینن و هەستە نێگەتیڤەکە بەهێز دەبێت. دواجاریش کاتێک بە تەواوی لە سیستمەکە تێدەگەن و دەزانن کە وەکوو نەتەوەیەک لە ژێر چ جۆرە ستەمێکدان، «گرێی خۆبەکەمزانین» تێیاندا بە تەواوی جێگیر دەبێت. وەها تاکێک بەرامبەر تاکی نەتەوەی سەردەست هەمان هەستی دەبێت کە کۆیلەیەک بەرامبەر خاوەنەکەی هەیەتی.
ئامانجی سیستمی خوێندن، میدیا حکوومەتییەکان، شوێنی کاری حکوومەتی و سیستمی سیاسی لە ئێراندا بەهێزکردنی «هەستی خۆبەکەمزانین» لای تاکی نافارسە.
«پاول ئادێکا»، نووسەری نیجەریایی پێنج ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ «گرێی خۆبەکەمزانین» پێشنیار دەکات، لەوانە «خۆلێهاتوویی» (Self-efficacy)، قبووڵکردنی خاڵە بەهێزەکان، پێکهێنانی پەیوەندی پۆزەتیڤ، بەکارهێنانی لێبڕاوی (Assertiveness Practice) و فێربوونی «نا» وتن.٢ ناوبراو «لێبڕاوی» بەم جۆرە شی دەکاتەوە: «لێبڕاوی واتە دیاریکردنی سنوور لە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ کەسانی تر. واتە ڕێزدانان بۆ پێویستییەکان و بۆچوونی کەسانی دیکە و چاوەڕوانی ڕێزلێگیران لە لایەن ئەوانەوە بە هەمان شێوە».
لێرەدایە کە پرسی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی بۆ تاکی کورد خۆدەنوێنێ، واتە سنووردانانە لە نێوان خۆتی مافپێشێلکراو و ئەوی دیکەی خۆسەپێنەر و داگیرکاردا. جگە لەوە، هەر لە نموونەی زمانی کوردییەکەدا، کاتێک تاکی کورد وشیارە لەوەی کە خاوەنی زمانێکە کە هیچی لە زمانی سەپێنراو کەمتر نییە و ئەوە تەنیا زوڵم و زۆر و داگیرکارییە کە ئەوی ناچار کردووە لە جیاتی زمانی خۆی، بە زمانی فارسی بخوێنێت، واز لە سەرکۆنەکردنی خۆی دەهێنێت و خاڵە بەهێزەکانی خۆی باشتر دەبینێت.

- شوناسی نەتەوەیی

«جیاوازیدانانی ئیتنیکی ـ نەژادی» هۆکارێکی بەهێزە لەوەی پرۆسەی شکڵگرتنی شوناس بۆ لاوانی کەمینە نەتەوەییەکان لەسەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ـ کولتووریی تەنراو بە نەژادپەرستی و پێشداوەری ڕۆ بنرێت».٣
شوناسی ئیتنیکی ـ نەژادی، جیاوازیدانان و سڵامەتی سایکۆلۆژیک لە چەندین بارەوە پێکەوە پەیوەندیدارن. هاوکات لەگەڵ زۆربوونی ئەگەری تووشبوونی تاکێکی ئەندامی نەتەوەی بندەست بە «گرێی خۆبەکەمزانین»، ئەو ئەگەرەش لە ئارادایە کە ئەو تاکە بە هەستکردن بەوەی بەشێک لە کۆمەڵگایەکی مرۆییە کە هەست و ئازاری هاوبەشیان هەیە، لە دەست نەخۆشییەکە ڕزگاری ببێت و ببێتە خاوەنی سڵامەتی دەروونی.
بۆ نموونە، تاکێکی کورد لە ئێراندا لە لایەکەوە لە ژێر هەڵاواردن و هەڕەشەی سڕینەوەی شوناسدایە و لە لایەکی دیکەوە خۆی وەکوو ئەندامی نەتەوەی کورد و خاوەن شوناسی نەتەوەیی کوردی دەبینێتەوە، یەکەمیان کاریگەری نێگەتیڤ و دووهەمیان کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە لەباری دەروونییەوە.
«گرینگە کە لە بیرمان بێت کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەو تاکانەی کە ئیتنیک یان نەژادی خۆیان بە گرینگ دەزانن، هەستێکی باشتریان بەرامبەر ئەندامەتیی گرووپەکەیان هەیە». Sellers et al., ١٩٩٧; Yip, Seaton, & Sellers, ٢٠٠٦)). ٤
پرۆفسۆر شمیتز دێنتێر (Prof. Dr Schmidt-Denter)، لە زانکۆی کۆڵۆن لە ئاڵمان، کە لەم دواییانەدا بەرپرسایەتیی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لەسەر شوناسی نەتەوەیی لە بواری دەروونناسییەوەی لە ئەستۆ بووە، لەو بڕوایەدایە کە: «شوناسی نەتەوەیی دەکرێ وەکوو ڕوویەکی شوناسی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت. پەرەسەندنی «شوناس»ێک شتێکی تایبەت بە مرۆڤە، بەو مانایە کە هەر کەسێک بە دوای ئەو پرسیارەوەیە کە «من کێم؟»، واتە شوناسی تاکەکەسییەکەیان. هەر مرۆڤێک هاوکات بیر لە شوناسی کۆمەڵایەتی خۆی دەکاتەوە و دەپرسێت: «ئێمە کێین؟»، «ئەمن سەر بە چ گرووپێکم و خۆم لە چ گرووپێک دەبوێرم؟» باری دەروونی ئەوەی بەشێک بێت لە گرووپێک دەکرێ لە زۆر شتەوە سەرچاوە بگرێت، لە حەڵقەی دوستانەی تایبەت بە پیشەیەک یان لە هەستی نیشتمانپەروەریی ئەندامەتیی لە نەتەوەیەکدا».٥
تاکی کورد لە لایەکەوە خۆی بە بەشێک لە نەتەوەی باڵادەست نازانێت چونکە لەودا هەست بە «خۆبەکەمزانین» دەکات و لە لایەکی دیکەوە لە وەڵامی پرسیاری «ئێمە کێین؟»دا، خۆی بە خاوەن شوناسی نەتەوەیی کوردی دەزانێ. پرۆفسۆر شمیتز دێنتێر لە پەیوەندی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی و سڵامەتی دەروونیدا، پێی وایە شوناسی نەتەوەیی بۆ ئەو تاکانەی هەستی خۆبەکەمزانینیان هەیە زۆر گرینگە و پێی وایە «تاکەکان و شوناسی کۆمەڵایەتی تەواوکەری یەکترن و لە شکڵی یەکەیەک خۆدەنوێنن. ڕەزامەندیی تاکەکەسی و سەقامگیری باری دەروونی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ شوناسی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوەییەوە هەیە. هەستی ڕەزامەندیی بە هۆی ئەندامەتی لە شتێکدا بناخەی پێکهاتەی سڵامەت و سەرکەوتووانەی خودە».٦

- بە کورتی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر سێ بنەمای سەرەکی خەباتی کردووە، بۆ دێموکراسی، بۆ مافی نەتەوەیی و بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ڕۆڵی خەباتەکە لەسەر مێنتالیتەی تاکی کورد فرەڕەهەندە. یەکێک لەو ڕەهەندانە کاریگەرییەکانی لەسەر نەمانی هەستی خۆبەکەمزانین لای تاکی کوردە.
بۆ ئەم مەبەستە، حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە پەرەی بە هەستی نەتەوەیی داوە، لەوانە، بە سەمبۆلکردنی تاکە شۆڕشگێڕە نەتەوەگەرا، دێموکراتە دادپەروەریخوازەکان، پەرەدان بە خوێندەواری بە زمانی کوردی، هەوڵدان لە پێناو زیندووڕاگرتن و بووژانەوەی ژێرخانی کولتووری نەتەوەیی، خەباتی ژینگەپارێزی وهتد. کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی خەباتەکە لەسەر باری دەروونی تاکی کورد دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە خودی خەباتەکە خاوەن بەرهەم بووە و هەیە بەبێ سەرنجدان بەوەی داخوا بەستێنی پێویست بۆ هاتنەدی ویستی ستراتیژیکی حیزبەکە کە هاتنەدی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەییە هاتووەتە ئاراوە یان نە.

1-The concept of inferiority and superiority complex, Paul Adeka, 2019, p.4, umak.academia.edu

2-The concept of inferiority and superiority complex, Paul Adeka, 2019, p.5, umak. academia.edu

3-Ethnic/Racial Identity—A Double-Edged Sword? Associations With Discrimination and Psychological Outcomes, Tiffany Yip, Department of Psychology, Fordham University, Current Directions in Psychological Science 2018, Vol. 27(3) 170–175

4-Ethnic/Racial Identity—A Double-Edged Sword? Associations With Discrimination and Psychological Outcomes, Tiffany Yip, Department of Psychology, Fordham University, Current Directions in Psychological Science 2018, Vol. 27(3) 170–175

5-Psychological citizenship and national identity, Interview with Prof. Dr Schmidt-Denter, University of Cologn, forty two magazine, https://fortytwomagazine.com/en/magazine/national-identity-and-psychology

6-Psychological citizenship and national identity, Interview with Prof. Dr Schmidt-Denter, University of Cologn, forty two magazine, https://fortytwomagazine.com/en/magazine/national-identity-and-psychology

# حیزب و ئایدیۆلۆژی

غالب حەبیبی

لەو چەند دەیەی ڕابردوو کە حیزبی دێموکرات لە کوردستان و ئێراندا تێکۆشانی هەبووە، هەموو کاتێ لە تیۆریی و کردەوەدا بانگەشەی نەتەوەییبوون و دێموکراتبوونی کردووە و بە گەواهی مێژوو، لەو دوو بوارەدا نموونەیەکی هەرەباش بووە و هەیە. بەکارهێنانی ئەو زاراوانە و پێوەندیی ئەوان لەتەک سیاسەت و ستراتێژی حیزب بەو واتایە دەبێ کە بازنەی بیر و کرداری ئەم ڕێکخراوەیە گەلێ بەربڵاو و قووڵە و ڕۆڵی ئایدیۆلۆژی بەگشتی و ئایدیۆلۆژی سیاسیی بەتایبەتی لاواز و کەمڕەنگ بووە.

ئەوەی هەرەپێویستبوونی ئەم باسە دێنێتە ئاراوە، دەکرێ دوو هۆی هەبێ؛ تێکچڕژاویی، فرەیی و ئاڵۆزیی جیهانی ئێستاکە و هەروەها کرداری سیاسی لەو جیهانەی ئێستادا. جیهانی ئێستا کە بازاڕ و بازاڕی ئازاد، هێما و ناسنامەیەتی، هزر و تێڕوانینی ڕۆژانە و کورتخایەن لە لووتکەیە و جڵەوی کردەوە و کاردانەوەی لە دەستدایە.

کرداری سیاسیش بۆ کەس یان کەسانێک کە لەو جیهانەدا دەژین، بەدەر نییە لە ئاڵۆزیی و تێکچڕژاویی.

ئامانج و مەبەستی هەر کردارێکی سیاسی لە سەردەمی ئێستا کە لە ئەدەبیاتی زانستە مرۆییەکاندا بە مۆدێڕنیتە بەناوبانگە، گەیشتن بە تەکووزمەندی سیاسییە؛ کەوایە بینینەوە و تێپەڕین بەو ڕێڕەوە دژوارە بۆ چالاکانی سیاسی کە ئاوانگاردی کۆمەڵگەن، پێویستییان بە ڕێنوێنی و ڕێنمایی هەیە کە ئەمەش بە سادەیی و ساکاری واتە ئایدیۆلۆژی.

بەم پێیە بوونی ئایدیۆلۆژی بۆ کرداری سیاسی نەک پێویستە بەڵکوو لە بنچینەدا پێوەندییەکی دیالێکتیکانە لە نێوانیاندا بوونی هەیە و ئەگەر حیزب، ئەرک و کردارێکی تەواو سیاسییانەی بێ، ئەوا ئیتر دووانەی حیزب و ئایدیۆلۆژی لەناو تانوپۆی یەکدان و نووسین لەو پێوەندییەدا کورت و ڕوونکەرەوە دەبێت بەڵام ئەمە تەنیا ڕواڵەتی بابەتەکەیە و ئەو دوو زاراوە ئەوەندە ئاڵۆز هەن کە بە دوورودرێژی لەسەریان بنووسرێ و پێوەندییانە شی بکرێتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتای ئەو باسە، دوو زاراوەی نەتەوەییبوون و دێموکراتبوون هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتین لەوەیکە بە سادەیی و ڕواڵەتی پەسندی ئەو پێوەندییە حاشاهەڵنەگرەی نێوان حیزب و ئایدیۆلۆژی نەکرێ و هەڵوەستەیەک لەسەر پێوەندییان بە تایبەتی لەم سەردەمە نوێیەی خەبات بکەین. بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ دەدەم بابەتەکە بە هێنانی چەند فاکتێک، دەوڵەمەند و دواجار ئەنجامگیری بکەم. لێرەدا بۆ ڕوونکاری باسەکە بەناچاری هەندێ لایەنی تیۆری ئایدیۆلۆژی سیاسی دەهێنین و پاشان تێکەڵ بە فاکتە مێژووییەکانی ناو خەباتی هەنووکەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەکەین تا بە گشتی و بە ڕاستی شوێنی ئایدیۆلۆژی لەناو پراکتیکی سیاسی حیزبمان بۆ ڕوون ببێتەوە.

ئایدیۆلۆژی وەک وشە و زاراوە کە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە هەناوی ئاوەزمەندێتی مۆدێڕنیتە سەریهەڵداوە، بە واتای زانست و زانینی باوەڕەکان، تاوتوێی سەرچاوە و چییەتی بیرۆکەکان بووە و لەو ماوەیەدا وێژمانەکانی لیبراڵیستی، دێموکراتیک و مارکسیستی بەپێی زەمەن و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی ــ ئابوورییەکان، قازانجی سیاسی خۆیان لە ئایدیۆلۆژی وەرگرتووە. لێرە مەبەست لە قازانجی سیاسی بەو واتایە دێت کە لە بنەڕەتدا ئایدیۆلۆژی بێجگە لە تێهزرینێکی سیاسی، لە ڕوانگەی مەعریفەیش لێکدانەوەی بۆ دەکرێ و ئێمە ئەم لایەنە وەلا دەنێین. ئایدیۆلۆژی لە بواری سیاسی زۆر نزیکە لە ئارمانج و سۆز و باوەڕەکان و کاتێ تێکەڵ بە چەمکی سیاسەت دەبێ، ڕەسالەت بۆ خۆی دەستنیشان و هەوڵ بۆ هێنانەدی دەکات.

کەوایە ئایدیۆلۆژی بەنێوەڕۆک مەرج نییە سیاسی بێ بەڵکوو بە سیاسی دەکرێ و دەبێتە ئەو شتەی کە جێی مەبەستی ئێمەیە یانی ئایدیۆلۆژی سیاسی.

بەسیاسیبوون هەر ئەو دیاردەیەیە کە لە سەردەمی یۆناندا ئەرەستوو وتی کە مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە واتە بە کۆمەڵ دەژی و کۆمەڵگە( شار) بەرپا و بەڕێوەی دەبات. هەر ئەو پێناسەیە لە سەردەمی مۆدێڕندا دەبێتە ئامانجی ئەمری سیاسی کە درووستکردنی تەکووزمەندییەکە(نظم اجتماعی) تایبەتمەندی سەرەکی بریتییە لە پێشکەوتن و فراژووبوون.

ئەگەر ئێمە ئاوا ئایدیۆلۆژی سیاسی فام بکەین، چوار ڕۆڵی دەبێ:

. ڕاڤەدان(شیکردنەوە و بەیانی دۆخی هەنووکەیی)

. بایەخدان(هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکاری دۆخی هەنووکەیی)

. ئاراستەدان( خستنەڕوو و هێڵبەندی دۆخی دڵخواز)

. بەرنامەی دیاری سیاسی( ڕێگە و ڕێنمایی بۆ گەیشتن بەو دۆخە دڵخوازە)

بەم کورتەباسە لەبارەی ئایدیۆلۆژی سیاسییەوە ڕوونە کە لە نێو وێژمان و پارادایمە هزرییەکانی سەردەمی نوێ، مارکسیزم زۆرترین نزیکایەتی لەگەڵ ئایدیۆلۆژی هەیە و پراکتیکی سیاسی ئەو ئەندێشەیە بە بێ ئەو ئایدیۆلۆژییە تایبەتەی کە مارکسیزم لە هەناوی دینامیزمی ئابووری و ئاگایی دروێینی چینی کرێکار هەڵێنجانی کردووە بە ئاکام ناگات بەڵام مارکس پاش ماوەیەک ئەوەی بۆ سەلمابوو کە ئەو ئایدیۆلۆژییەی کە ‹ڕهایی انسان› بەدی دێنێ و ئەو «سوسیالیسم علمی»ـەی کە دایڕشتووە، ئەوەندە زانستیی لێ دەرناچێ و لەم دواییانە مارکسیزمیش بۆی دەرکەوت کە لەتەک زانستدا ناکۆکە بۆیە هەوڵ بۆ چاکسازی و پێداچوونەوە لە مارکسیزم کرا بەو نیازەی کە ئەو تۆمەتەی لەسەریان نەمێنێ بەڵام تێیدا سەرنەکەوتن. ئەوەی پێوەندی بە بابەتەکەی ئێمەیە بەتەنیا نازانستیبوونی پراکتیکی مارکسیزم لە قاڵبی ئایدیۆلۆژی سیاسی نییە بەڵکوو کەڵکوەرگرتنی ئایدیۆلۆژی سیاسی لە قاڵبێکی بەرینتر و درێژماوەتردا کە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئایدیۆلۆژی مەعریفە.

ئەو قاڵبە نوێیە بە زاراوەی کۆمەڵناسیی مێژوویی دەناسرێتەوە کە ڕێنمایی و ڕێنوێنییەکانی، گشتیتر و کۆمەڵایەتیتر دەبێ و دواجار دەبێتە فەرهەنگ و باوەڕێکی کۆمایی کە هێزگەلی ‹بالقوە›ی تاکەکان دەگۆڕدرێ بە هێزگەلی «بالفعل»ی کۆمایی.

مەبەست لە هێنانی ئەم چەمکە کە تێکەڵێک لە فەلسەفە و کۆمەڵناسی و مێژووە و هەروەها هەوڵ بۆ ناسین و لێکدانەوەی داهاتوو لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانی دووسەرەی ڕابردوو و ئێستایە، پێداگریی لەسەر ئەو چەشنە لە خوێندنەوەی ڕابردوو و ئێستایە کە هەلومەرجی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی ــ ئابووریی ئەمڕۆ بەتەنیا ناتوانێ پێوەری کرداری سیاسی بێ و زنجیرەی ڕووداوەکان لە دەفری ئەمڕۆیینی دۆخەکان ناگونجێ و دەبێ کرداری سیاسی( چ تاک و چ گرۆ و چ کۆمەڵگە) لە ڕەهەندێکی قووڵتر و بەرینتر شرۆڤە بکرێ واتە موسەلەحبوون و تێگەیشتن لە کۆمەڵناسی مێژوویی، لانیکەم ئەوەمان بۆ ڕوون و لێکدەداتەوە کە بانگەشەکانی ئایدیۆلۆژی سیاسی؛ «یان لەتەک پاراستنی دەسەڵات و دۆخی هەنووکەیی هەیت یان خوازیاری گۆڕان و وەرچەرخان لە دەسەڵات و دۆخی هەنووکەییت» لەم سەردەمەدا کارایی و کارکردێکی ئەوتۆی نەماوە و دیاردەکان پێویستییان بە خوێندنەوە و کردارێکی درێژخایەنتر و هەمەلایەنەتر هەیە. کۆمەڵناسی مێژوویی کە لەڕاستیدا ئاشتبوونەوە و پێکەوەبەستنی کۆمەڵناسی وەک زانستی ئامار/ چەندایەتی و فەلسەفەی مێژوو وەک چۆنیەتی/ لۆژیکی ڕووداوەکانە، کاتێ گرینگییەکەی بۆ ئێمە دەردەکەوێ کە هەوڵی ئەو ڕشتە نوێیە بریتییە لە: ڕوونکاریی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی لۆژیکی ئەو گۆڕانە. ئەگەر بەم بۆچوونە لێکدانەوە بۆ کردارە سیاسییەکان( چ تاک، چ گرۆ و چ کۆمەڵگە) بکەین ئەوا ئایدیۆلۆژی بەو پێناسە و تایبەتمەندییانە کە باسمان کرد ناتوانێ ڕێنیشاندەرێکی زۆر باش بێ بۆ کردارگەلێک کە بنەمای نەتەوەیی ــ دێموکراتیکی هەیە واتە پەیوەستبوونی ئایدیۆلۆژیی بەم پراکتیکە سیاسییە بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی هەلومەرجی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی ــ ئابووریی تووشی دابڕان دەبی و دەپسێ. بۆ شیکردنەوەی ئەم لایەنە تیۆرییە لەتەک پراکتیکی سیاسی حیزبی دێموکرات چ وەکوو ئەندام و لایەنگرانی و چ وەکوو حیزب بە گشتی، چەند نموونەیەک دێنینەوە و پاشان پێوەندی ئایدیۆلۆژی و حیزبی دێموکرات ڕوون دەبێتەوە.

**١- پرسی ژنان:**

لەم ساڵانەی دواییدا لە لێکدانەوەی بابەتی مافی ژن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، دوو چەمکی ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم پێکدادانی هزرییان هەبووە کە هەندێک بە پێکناکۆک و هەندێکی دیکەش بە تەواوکەری یەکتریان زانیوە بەڵام ڕەخنەی من ئەوەیە کە هەندێک لە هاوڕێیان بە لێکدانەوەی ئەوەی کە کێشەی سەرەکی کۆمەڵگە، پێشێلکرانی مافی نەتەوەییە و ژنانیش وەک باقی ئەندامانی کۆمەڵگە مافی نەتەوەییەن زەوت دەکرێ ئەوا جارێ ئەولەوییەت بە تێکۆشانی نەتەوەییە بەڵام خافڵ لەوەی کە ئەم خۆی چەشنێک بە ئایدیۆلۆژیکردنی ڕزگاریخوازییە.

خۆ لە باسی دروشمی ستراتێژیکی حیزب، دێموکراسی بۆ ئێران لە پێشە و بۆ تێکۆشانی ئێمەیش ئەولەوییەتی هەیە بەڵام هەرگیز نەبووەتە «کل» واتە دەکرێ «تعلیق» بکرێ بە پێچەوانەی دروشمی نەتەوەیی کە «کل»ـە و نابێ و ناکرێ لەپێناوی ئەوەی دیکە «تعلیق» بکرێت.

پرسی ژنان بە دوو هۆی سەرەکی نابێ ئەو ڕوانگە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەمان هەبێ.

یەکەم ئەوەیکە پرسی ژنان پرسێکی جیهانییە و بەتەنیا تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردستان نییە و ئەمەش مێژوومەندی ئەو پرسە نیشان دەدات واتە سەرەڕای بوونی پرسێکی مەزن و بنەڕەتی بەناوی ڕزگاری نەتەوەیی، پرسی ژن نابێ «تعلیق» بکرێ بەڵکوو هاوتەریب لەگەڵ تێکۆشانی نەتەوەیی هەوڵ بۆ چارەسەری بدرێ و بە باسگەلی ئایدیۆلۆژی بۆخۆمان بەربەست درووست نەکەین بەتایبەتی کە ڕۆژێک دێ کە ڕزگاری نەتەوەیی بێتەدی بەڵام خەبات بۆ مافی ژنان لەدوای ڕزگاریش بەردەوام دەبێ؛ کەوابوو ئەگەر بە چاویلکەی ئایدیۆلۆژییەکی بەرتەسک و کورتخایەن بنوارینە دۆخی هەنووکەیی، ئەوا خەباتی نەتەوەیی ــ دێموکراتیکی خۆمان کردووەتە ئایدیۆلۆژی بۆ کرداری سیاسی ڕۆژانە.

**٢- زەحمەتکێشان و کرێکاران:**

یەکێکی دیکە لە ئافەتەکانی ئایدیۆلۆژی، پەراوێزخرانی بابەتی توێژێک لە کۆمەڵگەی کوردستانە کە لە ئەدەبیاتی چەپدا بە زەحمەتکێش و کرێکار ناسراون. بۆمان ڕوونە کە غایببوونی پرسێکی لەو جۆرە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەی کە ئێمە حیزبی ئایدیۆلۆژی نین و تایبەت بە چین و توێژێک نین. بەڵام ئەمە خۆی ڕاست بە ئایدیۆلۆژیکردنی کرداری سیاسیمانە، نەکا تۆمەتبار بکرێین بە خاوەنداریەتی لە خەڵکێک کە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی بۆ ماف و تێکۆشانیان هەیە. ئەم بەڵگەنەهێناوە بۆ پاڵپشتی و خاوەنداریەتی لەو توێژە بووەتە هۆی ئەوە کە ئایدیۆلۆژیستەکان ڕاست بە پەیوەندیانی کرێکار و ژنان و پێشکەوتن، ئێمە بخەنە حاڵەتی بەرگریی و ناتۆرەی جۆراوجۆر هەڵببەستن؛ کەوایە نابێ بترسین لەوەیکە باس لە توێژێکی کۆمەڵگەی کوردستان بکەین کە دابینبوونی مافی نەتەوەیی ــ دێموکراتیک، پاراستنی کەرامەت و دەستەبەربوونی مافی ئەوانیشی لێدەکەوێتەوە.

**٣- هونەر**

بابەتی هونەر بە نموونەیەک شی دەکەمەوە. لە چەند ساڵ لەمەوبەر لە مانگی پووشپەڕدا کۆنسێرتێکی هونەرمەندێکی کورد، دژکردەوەی چالاکانی سیاسی حیزبی لێکەوتەوە و تا گەیشتە ئاستی درووستکردنی کەمپەین کە نابێ خەڵکی ڕۆژهەڵات بچن بۆ کۆنسێرتەکەی و بایکۆتی بکەن. ئەم کارە نە سیاسەتی فەرمی حیزبی لەگەڵ بوو و نە ئامانجێکی باشی لێکەوتەوە و خەڵکیش چووە کۆنسێرت.

ئەوەی لەو پێوەندییەدا گرنگە، دوو شتە؛ یەکەم تێکەڵکردنی بابەتێکی سیاسی و حیزب بۆ هەموو خەڵک، دووهەم دەستێوەردان لە بیاڤێک کە لە بنەڕەتدا لە ڕۆژەڤی کرداری سیاسیدا نییە.

دەکرا ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە بدرێ کە کۆماری ئیسلامی مەبەستی تایبەتی هەیە و پێمان باشە کە بە بایکۆتکردنی کارێکی لەوجۆرە پەیامێکی توند بە کۆماری ئیسلامی بدرێت نەک نووکی هێرشەکە لە کاروباری ئەو هونەرمەندە بێ کە بێجگە بەسیاسیکردنی زۆر لایەن و قوژبنی ژیان، ئاکامێکی دڵخوازی لێنەکەوێتەوە و ژمارەی دۆستانی خۆمان کەمتر و هی دوژمنان زیاتر بێ.

**٤- لایەنێکی دیکەی بابەتەکە پێوەندی بە بۆنەی ئایینییەوە هەیە.**

لەم ساڵانەی دواییدا، حیزب یان کەسی یەکەمی حیزب لە بۆنە ئایینییەکانی کوردستاندا بە نووسین و بڵاوکردنەوەی پیرۆزبایی کە زیاتر پێداگری لەسەر یەکڕیزی نەتەوەیی کورد و هەروەها خوێندنەوەی جیاوازی حیزب لە پەیوەندی نێوان دین و سیاست لە بەرامبەر ئەو خوێندنەوەی کە کۆماری ئیسلامی بۆی دەکات، کۆمەڵێک ڕەخنە و بەلاڕێدابردنی کوللییەتی بابەتەکە دێتە ئاراوە کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە چاویلکەی ئایدیۆلۆژی هەیە.

ئەو کەسانە لە پشت چەمکی سێکۆلاریزمەوە، بەئاگا یان نائاگایانە بێڕێزی بە باوەڕی خەڵکانێک دەکەن کە پرسی نەتەوەییان بۆ گرنگە یان لەگەڵ پرسی ئایینی بۆیان گرنگە.

بابەتی دیکەی لەو چەشنە ڕۆژانە یان لە سەردەمە جیاجیاکان، بوونی هەیە کە بە هۆی ئەوەیکە لەتەک کرداری سیاسی ئێمە تێکەڵە و لە بەستێنێکی دیاریکراوی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ڕوو دەدەن، پەیڕەوی لە ئایدیۆلۆژی ئەو ڕۆژ و سەردەمە دەکەن و زۆر بە لاوازی گشت بابەتەکە لەژێر ڕۆشنایی نەتەوەییبوون و دێموکراتبوون دەبینن. کە باسی خوێندنەوەی کۆمەڵناسانەی مێژووییمان کرد بۆ ئەوە بوو کە ئەو بایەخ و بزاڤانەی ناو کۆمەڵگە وەک شتێک و دیاردەیەکی تاکەکەسی نەبینین بەڵکوو وەک بایەخ و هێزگەلێکی بالقوە کە لە پرۆسەی مێژوویی ــ نەتەوەیی دەبنە هێزگەلێکی بالفعل لە ڕەوڕەوی بەرەوپێشچوون و فراژووبوونی ئاگایی کۆمایی کۆمەڵگەی کوردستان.

هیوادارم ئەو نووسراوەیە ڕوونیکردبێتەوە کە ئێمەی سیاسی لەناو وێژمان و سیاسەتی ڕێکخراوەیەک کردار دەنوێنین کە ناکرێ و ناتوانێ نوێنەر و ڕۆحی هەموو نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ بەڵام هاوکاتیش نابێ خۆمان ببینە شرۆڤەکارێکی فەرمی ناو ئایدیۆلۆژییەکی قەتیسکراو کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی نەتەوەییبوون و دێموکراتبوونمان نەبێ و لەجیاتی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تەکووزمەندییەکی کۆمەڵایەتی کە جیاواز بێ لەو تەکووزمەندییەی کە دوژمنەکەمان درووستی دەکات، سەرقاڵی بەرتەسککردنەوەی خەبات بۆ کردارێکی سیاسی تایبەت و نەگۆڕ بین.

ئەم کار و کردارە سیاسییەی پێویستی بە ئایدیۆلۆژییایەکی پان و بەرینتر لەو دیاردە ڕۆژانە هەیە و هەوڵی زیاتر بۆ هێنانەکایەی لانیکەم وێژمانێکی ئایدیۆلۆژیک بدەین کە بنەمای نەک لەسەربنەمای سڕینەوەی واقعییەت و تەنانەت بەراوەژووونیشاندانی واقعییەت بەڵکوو قەناعەت و ڕاوڕایەڵێکی نەتەوەیی ـ دێموکرات بێ کە سنووری هەلومەرجی ئەمڕۆیی تێپەڕێنێ و هەڵقوڵاوی ناخی کورد و فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواری بێ.



**دوو زاراوەی نەتەوەییبوون و دێموکراتبوون هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتین لەوەیکە بە سادەیی و ڕواڵەتی پەسندی ئەو پێوەندییە حاشاهەڵنەگرەی نێوان حیزب و ئایدیۆلۆژی نەکرێ و هەڵوەستەیەک لەسەر پێوەندییان بە تایبەتی لەم سەردەمە نوێیەی خەبات بکەین**

**ئایدیۆلۆژی وەک وشە و زاراوە کە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە هەناوی ئاوەزمەندێتی مۆدێڕنیتە سەریهەڵداوە، بە واتای زانست و زانینی باوەڕەکان، تاوتوێی سەرچاوە و چییەتی بیرۆکەکان بووە و لەو ماوەیەدا وێژمانەکانی لیبراڵیستی، دێموکراتیک و مارکسیستی بەپێی زەمەن و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکان، قازانجی سیاسی خۆیان لە ئایدیۆلۆژی وەرگرتووە**

# ئاوڕدانەوەیەکی تیۆری لە دەرەنجامەکانی ڕاسان




سمایل شەریفی

جووڵەیەکی فرەڕەهەندی وەک ڕاسان درەنگ یان زوو، بەشێوەی ئاشکرا یان شاراوە شوێنی خۆی لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دادەنێ.

شوێندانانی هەرەسەرەکیی ڕاسان، ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی دەورانێکی تازەی سیاسییە کە تێیدا پەڕینەوە لە پارادیمێکی سیاسی بۆ پارادایمێکی دیکە نەک هەر لە ئاستی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێراندا ڕوو دەدا؛ واتە پەڕینەوە لە پاڕادایمی بێهیوایی لە گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی و ڕاهاتن بە دۆخی باو و هەڵبژاردنی سیاسەتی بێدەنگی بۆ دۆخێکی چالاک و بڕواهێنان بە کاتبەسەرچوونی دەسەڵاتی سیاسیی ڕێژیمی ناکارامە و غەدداری حاکم بەسەر وڵاتە.

بەهۆی دۆخی ستراتێژیی تایبەتی کوردستان، گۆڕانکارییە قووڵە سیاسییەکان زووتر لە هەر شوێنێکی دیکەی وڵات لەم ناوچە گرینگەدا هەستی پێدەکرێ. کاتێک ڕاسانی پێشووتری حیزب لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویدا دەستی پێکرد، ئێران وەکوو دوورگەی ئارامی و سەقامگیری لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسرا. لەو سەردەمەدا ڕووخانی سیستمێکی ـ وەک ڕێژیمی پاشایەتی خۆی باسی دەکرد ـ دووهەزار و پێنسەد ساڵە، زیاتر وەک خەونێکی ئاڵۆز دەچوو بەڵام دە ساڵ دوای ڕاسانی ئەو سەردەم بوومەلەرزەیەکی هەژێنەر هەموو بناغە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیمی حاکمی لەبەر یەک هەڵوەشاندەوە. بانگەشەی ئێمە ئەوە نییە کە بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ ئەم ئەنجامەی خوڵقاند، بانگەشەی ئێمە ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان زووتر لە هەر مەیدانێکی سیاسیی دیکەی ناوخۆ پێشبینی ئەو بوومەلەرزە سامناکەیان لە ئێراندا کرد. با ئەمجارەش وریاییدان بۆ ڕووخانی سیستمی ڕەش و ئەهریمەنیی کۆماری ئیسلامی، وەک سووکترین و ساکارترین ئەنجامی ڕاسانی نوێی کوردستان چاوی لێ بکەین.

حەز دەکەین لە پێشەکیی ئەم باسەدا ئاماژە بە دانیشتنێکی زانستی و سیاسی بکەین کە لە یەکی خەرمانانی ١٣٩٥ واتە هەر لەو ساڵەدا کە ڕاسان ڕاگەیێندرا، پێک هات و بەشێک لە سەرکردە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەندێک کەسایەتیی ئاکادێمی بەشدارییان تێدا کرد. بەبڕوای ئێمە ئەو ڕووداوە لە داهاتوودا دەبێ زۆر وردتر و پسپۆڕانەتر شیکاری بکرێ و وەکوو بەڵگەیەکی مێژوویی گرینگ قسەی لەسەر بکرێ.

ئەم دانیشتنە لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە ڕێژیمی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هێزەکانی لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو کردبۆوە و سیاسەتێکی چالاکانەی دەست پێکردبوو و وەک سەرانی ڕێژیم بانگەشەیان دەکرد، کۆماری ئیسلامی لە پێنج پێتەختی وڵاتانی ناوچەدا دەستی دەڕۆیشت. ڕێژیم وای نیشان دەدا کە کۆماری ئیسلامی نەک هەر وەک زلهێزێکی ناوچەیی هەڵسوکەوت دەکا بەڵکوو تەنانەت توانای ڕکەبەرایەتی لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکانیشی هەیە و حکوومەتەکەی لەوپەڕی دەسەڵات و سەقامگیریدایە. کەچی لەو لاوە حیزبی دێموکرات هەر لە نەورۆزی ئەوساڵەدا ستارتی ڕاسانی وەک قۆناغێکی نوێی خەبات لە شاخەکانی کوردستان لێدابوو.

لە دانیشتنی ساڵانەی ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری) لە ساڵی ٩٥ واتە ساڵی دەستپێکردنەوەی ڕاساندا، هەندێک لە کەسایەتییە ئاکادێمییەکان و تەنانەت هەندێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش لەسەر ئەو ڕایە بوون کە ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێران لەوپەڕی دەسەڵات و سەقامگیریدایە و خەباتی ڕادیکاڵ بە دژی ئەو سیستمە بە هیچ شێوەیەک وڵام ناداتەوە. بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی حیزب ـ سکرتێری گشتیی ئەو کات ـ لە لێدوانەکەیدا زۆر ڕاشکاوانە نوێنەرایەتی بۆچوونێکی جیاوازی کرد و ڕایگەیاند سیستمی سیاسیی ئێران ئەو سیستمە سەقامگیر و بەتوانایە نییە کە ڕێژیم گەرەکیەتی نیشانی بدا و کۆمەڵگای ئێرانیش کۆمەڵگایەکە کە لە هەناوی خۆیدا دەکوڵێ و وەک بۆشکەیەکی باڕووت وایە کە هەر دەم ئەگەری تەقینەوەی هەیە و خەبات بەدژی ئەو ڕێژیمە لە چوارچێوەی یاساوڕێساکانی خودی ئەو حاکمییەتە، شێوازێکی وڵامدەری خەبات نییە. بەڕێز مستەفا هیجری لەحاڵێکدا ئەو قسانەی دەکرد کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حوزووری خۆیان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مسۆگەر کردبوو و بەم شێوەیە درزیان خستبووە ئەفسانەی سەقامگیری و توانای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. ڕێژیم کە خۆی بە ڕکەبەری گەورەترین زلهێزە جیهانییەکان دەزانی، خۆی بە ناچار دەزانی هەر پلان و پیلان و هەڕەشە و گوڕەشەیەک بەدژی حیزبی دێموکرات تاقی بکاتەوە هەتا نەهێڵێ ئەو ئەفسانە بێبنەمایە کە لە زەینی بەشێک لە خەڵکی ساز کردبوو، چرژی تێ بکەوێ و شەق ببا.

دوای لێدوانی لێپرسراوی گشتیی حیزب دەرحەق بە ناسەقامگیریی سیاسی ڕێژیم و قەیرانی ناکارامەیی ئەو سیستمە، لە خەزەڵوەری ساڵی ٩٦دا ئێران شاهیدی ئاخێزێکی سەرانسەری و جەماوەری بوو. دواتر ئەو ئاخێزە، سەرهەڵدانە بەخرۆشترەکەی بەفرانباری ٩٨یشی بەدوادا هات و بەم شێوەیە ڕاستیی ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و دروست بوونی ڕاسان بەتەواوی سەلمێندرا.

دوای ئەم پێشەکییە کورتە هەوڵ دەدەین ئەنجامەکانی ڕاسان لە سێ ئاستی سیاسی، کۆمەڵناسی سیاسی و فەلسەفیدا تاوتوێ بکەین.

### ١ـ دەرەنجامەکانی ڕاسان لە ئاستی سیاسیدا

سروشتی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەتا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ سروشتی سیاسەت لە وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتوودا جیاوازی هەیە. پێویستیی سیاسەت کردن بەشێوەی ئورووپا و ئامریکای باکوور لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەهمێکە کە بەر لە هەموو هێزە سیاسییەکان، خودی حاکمییەتە داپڵۆسێنەرەکانی ناوچە خەریکن پەرەی پێ دەدەن و دواتر هەندێک خوێندەواری ناوەندخواز پێداگری لەسەر دەکەن.

ئەم بۆچوونە ناڕاستە لەسەر ئەو تێزە هەڵەیە دامەزراوە کە بۆ نموونە وڵاتێکی وەک ئێران لەگەڵ باقی وڵاتانی ناوچە جیاوازیی بنەڕەتیی هەیە و ئەگەر لە وڵاتانی دیکەی ناوچە، شەڕ و پێکدادان و نائەمنی هەیە، لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێران و ڕێژیمە زاڵەکەی، خاوەنی سیستمێکی دەسەڵاتداری نۆڕماڵ و سەقامگیر و بەهێزە، کەوابوو ئاکسیۆنی شۆڕشگێڕانە و خەباتی چەکدارانە وەک باقی وڵاتان بە هیچ شێوەیەک لەم وڵاتەدا وڵام ناداتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا زۆرجار لەلایەن هەندێک خوێندەواری سەر بە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتییەوە گوێبیستی ئەم جۆرە بۆچوونانە دەبووینەوە کە بۆ نموونە، ئێران، وەک عێراق و سووریە و لوبنان و سعوودی و... نییە و سیستمە سیاسییەکەی لەگەڵ سیستمی ئەو وڵاتانە جیاوازی هەیە و لێرە دەبێ خەباتێک لە چوارچێوەی یاساکانی حاکمییەت و بە شێوەی پارلمانتاریستی و مەدەنی بەڕێوە بچێ. سەیر ئەوەیە هەمان ئەو قسەیە بۆ نموونە لەلایەن لایەنگرانی حکوومەتی تورکیاشەوە دەگوترا و تەنانەت کاتی خۆی لە لایەن ڕێژیمی ڕووخاوی عێراقیشەوە دەگوترا و هەموو ئەو کەسانە پێیان وابوو ئەگەر ڕێژیمەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێژیمی نانۆڕماڵ و دواکەوتوو و ناسەقامگیرن، ڕێژیمی خۆیان نۆڕماڵ و سەقامگیر و پێشکەوتووە و سیاسەت کردن لەو وڵاتانەدا دەبێ هاوشێوەی سیاسەت کردن لە ئورووپا و ئامریکا بێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنانەت ئاشتیش بە بێ هێزێکی چەکداری شۆڕشگێر مسۆگەر نابێ.

کاتێک ئێمە باسی سیاسەتی ڕادیکاڵ دەکەین مەبەستمان شەڕ و کوشتار و نائەمنکردنی شارەکان و تێرۆر و تۆقاندن نییە، بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە تەنانەت کاتێک لایەنێکی خەباتکار لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدار لەسەر مێزی وتووێژیش دادەنیشێ، هێزێکی چەکداری شۆڕشگێر و تۆکمەی ئەوتۆی بەدەستەوە بێ کە نفووزی لە نێو خەڵکی خۆیدا هەبێ و وا لە هێزی دەسەڵاتدار بکا کە لە وتووێژەکاندا حیسابی بۆ بکا و بەسانایی داواکارییەکانی پشتگوێ نەخا. ئێمە پێمان وایە ئەو شێوە سیاسەتە لە ڕاساندا بەدی دەکرێ.

### ٢ـ دەرەنجامەکانی ڕاسان لە ئاستی کۆمەڵناسیی سیاسیدا

بیرمەندێکی ئێرانی، کۆمەڵگای ئێران وەک «کۆمەڵگایەکی کورتماوە» پێناسە دەکا. مەبەست لە کۆمەڵگای کورتماوە کۆمەڵگایەکە کە هەر لە بنەڕەتدا فۆرماسیۆنەکەی بەچەشنێک ڕێک خراوە کە تێیدا دەورەکانی سەقامگیریی زۆر دوور و درێژ نین و دوای هەر دەورەیەکی سەقامگیری، دەورەیەکی پشێوی و ئاڵۆزی دەست پێدەکاتەوە و لەم دەورە ئاڵۆزەدا سەرمایە وەسەریەکنراوەکان بە زایە دەچنەوە و ئیمکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە لەگۆڕێدا نییە. لە ڕوانگەی دوکتور محەممەدعەلی هومایوون کاتووزیانەوە مێژووی وڵاتێکی وەک ئێران لە زنجیرەیەکی دووپاتکراوەی سەرەڕۆیی ـ پشێوی و ئاڵۆزی ـ سەرەڕۆییەکی تازەسەرهەڵداو پێک هاتووە و چەندپاتبوونەوەی ئەم زنجیرەیە هەتا ئێستا ڕێسایەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی جێگیر بووە.

بۆچوونەکەی کاتووزیان لە بنەڕەتدا وەرگیراو لە بۆچوونی بیرمەنێکی ئاڵمانی بەناوی کارل ویتفۆگڵ ـ ە. بۆچوونەکەی ویتفۆگڵیش کە وەک «سەرەڕۆییی ڕۆژهەڵاتی» ناو دەبرێ وەرگیراو لە بۆچوونەکانی کارل مارکسە.

مارکس و بەدوای ئەودا ویتفۆگڵ لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە کۆمەڵگا ڕۆژاوایییەکاندا لەبەر ئەوەی ئیمکانی کەڵەکەبوونی هەموو جۆرێکی سەرمایە لەئارادایە، ئەم کۆمەڵگایانە لە فۆرماسیۆنەکانی کۆیلەداری و جووتیارییەوە دەگەن بە فۆرماسیۆنی فیۆدالیزم و لەوێشەوە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سروشتی و لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی بەرچاوی سەرمایە دەگات بە قۆناغەکانی بورژوایی و سەرمایەداری؛ بەڵام لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەبەر ئەوەی حاکمییەتەکان سەرەڕۆن و هەر جارناجارێک شۆڕشێک هەموو سەرمایە کەڵەکەکراوەکان لێک بڵاو دەکاتەوە کەوابوو ڕێگای پەرەسەندن هەمان ئەو ڕێگایە نییە کە کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکان پێواویانە. ئەنجامەکە هەر ئەوەیە کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد: وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو وڵاتانە نین بکرێ بەشێوەی وەسەریەکنانی کۆمەڵە ئاکسیۆنێکی ورد و چکۆڵەی بێئەژمار بەدرێژایی دەورانێکی زۆر دووردرێژ، سەرمایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان تێدا پاشەکەوت بکرێ و هەموو داواکارییەکان بەشێوەی ئاسایی و یاسایی جێبەجێ بکرێن. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم وڵاتانەن هەر جارناجارێک تووشی بوومەلەرزەی هەژێنەری سیاسی دەبن و ئەگەر گەلێکی وەک گەلی کورد لەم ناوچە پانوبەرینەدا خاوەنی هێزێکی شۆڕشگێڕی هەڵسووڕ نەبێ، لە جەنگەی ئەم بوومەلەرزە سیاسییە سامناکانەدا و تەنانەت لە جەنگەی سەقامگیریی حاکمییەتە سەرەڕۆکاندا، بە یەکجاری تێدا دەچێ و مانەوەی تووشی مەترسی جیددی دەبێ. ئەگەر ڕاسان خوازەیەک بێ بۆ هەر چەشنە خەباتێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە، دەکرێ بڵێین لە مەیدانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر لە بنەڕەتدا ڕاسان زەمینەی سیاسەت کردن بۆ کورد دەڕەخسێنێ و سیاسەت کردن لە بابەتێکی نەگونجاوەوە دەگۆڕێ بۆ بابەتێکی مومکین.

### ٣ـ دەرەنجامەکانی ڕاسان لە ئاستێکی فەلسەفیدا

لەبارەی جۆرەکانی زانست بەگوێرەی ئەو ئامانجانەی زانستەکە ڕەچاوی دەکا گوتوویانە سێ چەشنە زانستمان هەیە:

١ـ ئەو زانستەی ڕووی لە کۆنتڕۆڵ کردنی جیهانی دەوروبەرە بەهۆی دۆزینەوەی یاسا سروشتییەکانی ئەو جیهانە. زانستە سروشتییەکان و تەکنۆلۆژی لەسەر بنەمای ئەم شێوە زانستە بەرهەم دێن.

٢ـ ئەو زانستەی ڕووی لە لێکتێگەیشتن و سازکردنی پێوەندیدایە. زانستی وەک هێرمێنۆتیک و زانستی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەق لەم دەستەیەدا جێگیر دەبن.

٣ـ جۆری سێیەمی زانست ئەو زانستانەن کە ئامانجیان ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلەتی دەروونی و دەرەکییە. زانستی وەک دەروونشیکاری و مارکسیزم لەم دەستەیەن.

ئەم دابەشکردنە لەلایەن فیلسووفی ناوبەدەرەوەی ئاڵمانی یوورگن هابرماسەوە کراوە. هەر لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی هابرماسەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین دەکرێ سێ مۆدێلی سیاسەت کردنیش لێک هەڵاوێرین. مۆدێلێکی سیاسەت کردن لەسەر بنەمای دۆزینەوەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان و ڕێسا کارگێڕییەکان لە کۆمەڵگا سەقامگیرەکان بەڕێوەدەچێ.

دەکرێ بڵێین سیاسەت کردنی پارلمانتاریستی لە چوارچێوەی وڵاتێکی وەک فەڕانسە یان بریتانیا لەم خانەیەدا جێگیر دەبێ. جۆرێک سیاسەت کردن ڕووی لە تێگەیشتنی دوولایەنە و چەندلایەنە و پێکهێنانی ئەو سازییانەن کە لە ئاستێکی جیهانیدا کار دەکەن، وەک هەموو ئەو هەوڵە سیاسییانەی لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا دەدرێن. جۆری سێیەمی سیاسەت کردن سیاسەتی ڕزگارییبەخشە. سیاسەتی ڕزگارییبەخش ڕووی لە ئازادکردنی ئەو هێزە ژێردەستانەیە کە بەشێوەیەکی سیستماتیک دەچەوسێنرێنەوە و مافیان پێشێل دەکرێ.

خەباتی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لەسەر بنەمای ئەم مۆدێلەی سێیەمی سیاسەت کردن واتە سیاسەتی ڕزگارییبەخش بەڕێوە دەچێ. ڕاسان لە ڕوانگەی ئێمەوە گەڕانەوە بۆ جەوهەری ئەم چەشنە سیاسەتەیە.

پشتگیری کردن لە ڕاسان وەک خەباتێکی ڕزگارییبەخش، بەمانای ڕەتکردنەوەی شێوەکانی دیکەی خەبات وەک خەباتی پارلمانتاریستی یان کاری سیاسی نێونەتەوەیی نییە؛ لەڕاستیدا ڕاسان ئیمکانی ئەو شێوە خەباتانەش بۆ ئێمەی کورد دەڕەخسێنێ. لەبەر ئەوەی هەروەک گوتمان بەگشتی ڕاسان بریتییە لە مومکین کردنی بابەتی نامومکینی سیاسەت کردن لە مەیدانی ئاڵۆز و دژواری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

# ئاوڕێک لە حەفتاوپێنج ساڵ خەباتی حیزبی دێموکرات

تالب قەیسەری

ئاوڕدانەوە لە مێژوو یان ناسینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەت بۆ نەسڵی ئەمڕۆ وەک ئەرکێکی پیرۆز پێویستە، دیارە بۆ ناسینی هەر حیزبێک پێویستە وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە ئاوڕ لە سەرەتای دروستبوونی بدەینەوە تا باشتر هۆکاری دروستبوون و پێکهاتنی بناسین و ئەو هەلومەرجانە بناسین کە بوونەتە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات بێتە دونیاوە.

بۆ ئەوەی بزانین لە چ هەلومەرجێکدا حیزبی دێموکرات لەدایک بووە، پێویست ناکات مێژووی دوورودرێژی حیزب هەڵبدەینەوە، تەنیا بەسە ئاوڕێک لە هەلومەرجی نزیک لە ساڵی لەدایکبوونی حیزب بدەینەوە.

بێگومان بەدرێژایی مێژوو هەبوون ڕێکخراو و بزووتنەوەگەلێک کە لەهەر دەرفەتێکدا دەستیان داوەتە شۆڕش و زۆر جاریش بە مەبەستی پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ خەباتیان کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەم ڕاپەڕینانە بەهاوکاری دوژمنانی گەلی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان تێک شکێندراوە، بەڵام هەستی نەتەوایەتییان لەناو کورددا بووژاندووەتەوە و زۆرجار کاریگەرییەکی بەرچاویان کردووەتە سەر پتەوبوون و یەکگرتووبوونی نەتەوەی کورد. هەرچەند لەهەموو پارچەکانی کوردستان خەبات بۆ مافی نەتەوەیی بەردەوام بووە، بەڵام لانیکەم کوردەکانی ڕۆژهەڵات تا ساڵی ١٨٦٥ توانییان وەک حکوومەتی بنەماڵەی ئەردەڵان خودموختاری خۆیان بپارێزن.

پاش کۆتاییهاتنی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاخان کە زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتبووە لووتکە بەجۆرێک کە لەدرێژەی سیاسەتی توانەوە و ئاسمیلەکردنی ڕەزاشادا کە شۆڤێنیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی فەرمی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرەفارس خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی بەجۆرێک کە بۆ لەنێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی و فەرهەنگی ئەم گەلانە بەرنامەیەکی داڕێژراو و درێژخایەن بەڕێوە دەچوو بەمەبەستی توانەوەی گەلانی غەیری فارس.

دەستیوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغەکردنی زۆربەی ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان، تەنانەت لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی، هەموو ئەمانە بۆ ئەوە بوو نیشان بدرێ لە ئێران تاقە نەتەوەیەک هەیە ئەویش نەتەوەی فارسە. پاش ئەم غەدرە مێژووییە و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕەزاشا دەرفەتێک دێتە ئاراوە و هەندێک ئازادی دێموکراتیک لە ئێراندا پەیدا دەبێ و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوە و پەرەیان گرت، پاش بیست ساڵ خەڵکی ئێران هەستیان بە ئازادی کرد. پاش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم و داگیرکردنی ئێران لەلایەن دەوڵەتانی سۆڤییەت لە باکوور و بریتانیا و ئەمریکا لە باشوورەوە بارودۆخێک لە ناوچەی مەهاباد و دەوروبەری پێکدێت کە بەدوور دەبێت لە ململانێی ئەو زلهێزانە، هەر بۆیە کۆمەڵێک چالاک و ڕوناکبیری کورد ئەم هەلە دەقۆزنەوە و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە مەهاباد لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ بە مەبەستی ڕزگاری نەتەوەی کورد پێکدێنن. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد هەرچەندە ئامانجی سەربەخۆخوازانەی هەبوو، بەڵام وەک ڕێکخراوێکی نهێنی کاری دەکرد، بۆیە پێویستیی دامەزراندنی حیزبێکی مۆدێڕن بە بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانە ببووە زەرورەتێکی حەتمی مێژوویی.

پەرەسەندنی بێ وێنەی جووڵانەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ هەموو جووڵانەوەکانی ئێران هەبوو بەشێوەیەکی نەدیتراو پەرەی سەندبوو و نیازی بە ڕێکخراوێکی یەکگرتوو و دێموکراتیک لەگەڵ بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و ڕوون بۆ کۆمەڵانی خەڵک هەبوو. جێگیربوونی ئازادییە دێموکراتیکەکان لە ئێران و چوونەپێشی جووڵانەوەی دێموکراتی لە سەرانسەری ئێران و تێکشکانی ئاڵمانی نازی و سەرکەوتنی خەباتی گەلان بەسەر فاشیزمدا، زەمینەی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە حیزبێکی پێشەنگ و وەڵامدەری ڕۆژگاری نوێ بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد پێک بێ، حیزبێک کە هەم پێویستییەکی مێژوویی بوو هەم زەمینەی دامەزراندنی ئامادە بوو. ئەوە بوو کە هەست بەو بەرپرسیارەتییە مێژووییە وای کرد لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ لە مهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. دامەزراندنی حیزبی دێموکرات وەک شەهیدی نەمر د.قاسملوو دەفەرمێ: «نوختەگۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایێک بوو لە پێکهێنانی ڕێکخراو و حیزبی سیاسی پێشکەوتوو و مۆدێڕن، چونکە پێش لە حیزبی دێموکرات لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورددا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە پێکنەهاتبوو، هەربۆیە هەر لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات پشتیوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ لای خۆی ڕاکێشا».

لەسەرەتای دامەزراندنییەوە حیزبی دێموکرات چەند ئەرکی گرنگی لەسەرشان بوو لەوانە: ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای خۆی بەتایبەتی لەژێر بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و ڕوونی سیاسیدا و گرێدانی خەباتی گەلی کورد لەگەڵ خەباتی سەرانسەری گەلانی ئێران بۆ دێموکراسی و خەبات دژی فاشیزم و سەرەڕۆیی.

حیزبی دێموکرات توانی پێوەندییەکی باش لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێران پێک بێنێ، هەروەها ئەرکێکی دیکەی حیزب ئەوە بوو کە پشتیوانیی هێزە ئازادیخواز و دژەفاشیستەکانی جیهانی بۆ مافی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد ڕابکێشێ.

حیزبی دێموکرات هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ڕێکوپێکدا زۆرێک لە ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد فورمولە بکا و هەوڵی دەستەبەرکردنی بدات، بۆ نموونە خودموختاری، خوێندن بە زمانی زگماکی، بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری بە زمانی کوردی، دامەزراندنی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و حکوومی و چاوەدێری کردنیان، دامەزراندنی کارمەندانی حکوومی لە خەڵکی خۆجێیی، بەرابەری و یەکسانی لەنێوان خاوەن موڵک و گوندنشینان بۆ دابینکردنی مافی هەر دوولا، دروستکردنی دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بەتایبەت دراوسێکان، پەرەپێدان بە کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی، فەرهەنگ، تەندروستی، گەشەی ئابووری و سوودوەرگرتن لە سامانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و ڕەخساندنی ئازادی و بەرابەری و پێشخستنی کوردستان.

یەکێک لە دەستکەوتە هەرەگەورەکانی حیزبی دێموکرات دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بوو کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد لە چوارچرای مەهاباد لە نێو ئاپۆڕای جەماوەری خەڵکی کوردستاندا ڕاگەیەندرا. پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا لە بەڕێوەبردنی کاروباری نیزامی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیریدا کەموکوڕییەکان پڕ کاتەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ باقرۆف شەست کەس لە لاوانی کوردستان بۆ فێربوون نێردرانە یەکێتیی سۆڤییەت، هەروەها چاپخانەیەکی لە یەکێتیی سۆڤییەت وەرگرت بۆ چاپ کردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب کە چاپەمەنی حیزبی و هەموو ئەو نووسراوانەیش کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەردەچوون چاپ دەکرد.


دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەڕاستیدا دەسکەوتی حیزبی دێموکرات بوون، چونکە کۆمار لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات و بناغەی ئەو حیزبە دامەزرا کە ئەمانە بەشێکی دیکە بوون لەو دەسکەوتانە کە لەڕاستیدا شانازییەکەی وەبەر حیزبی دێموکرات دەکەوێ: هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکانی کوردستان، دانانی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب، بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردیش پێکهات، دامەزراندنی یەکێتی ژنان کە لەڕاستیدا شۆڕشێک بوو لەو سەردەمەدا، پێکهێنانی سپای میللی کوردستان کە بە هێزی پێشمەرگە ناو نرا کە پێویستییەکی هەرەگرنگ بوو بۆ پاراستنی کۆمار و دەسکەوتەکانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، پەرەپێدان بە کاری بازرگانی کە کاریگەری زۆری لەسەر بووژانەوەی ئابووریی کوردستان کردبوو.

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان ئەندامانی نهێنی حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی ڕۆشنگەرانە و بەرچاو دەگێڕن لە وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بەتایبەت جوتیارانی مەهاباد و بۆکان بۆ داکۆکیکردنی لە یاسای سەدی بیست کە پێوەندی بە دابەشکردنی بەرهەم لە نێوان وەرزێڕ و خاوەن موڵکدا هەبوو کە تا ئێستا کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە، ئەم یاسایە دوکتور موسەدق لە ساڵی ١٣٣١دا بەپەسندی پەرلەمانی گەیاندبوو بۆ پشتیوانی وەرزێڕەکان لە بەرانبەر خاوەن موڵکەکاندا.

تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە بەهاری ساڵی ١٣٣٢ەوە بوو بە تێکۆشانێکی نیوەئاشکرا و لە شارەکانی سنە و مەهاباد ڕێکخراوەکانی حیزبی دامەزران و پاش حەوت ساڵ بۆ یەکەم جار لە بەهاری ١٣٣٢دا بەیاننامەی فەرمی بە زمانی کوردی لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بڵاو کرایەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا بوو کە د.قاسملوو هەستی بەوە کردبوو کە حیزبی توودە خەریکە هێژموونی خۆی بەسەر حیزبی دێموکراتدا دەسەپێنێ، بۆیە دوکتور قاسملووی نەمر هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ و حیزبی دێموکراتی لەژێر هێژموونی حیزبی توودە هێنا دەرەوە و سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ حیزبی دێموکرات گەڕاندەوە، بەڵام بەداخەوە حیزبی توودە ئەوەندە لەباری فکرییەوە ڕۆچووبووە ناو بیری هەندێ لە ئەندامانی حیزبەوە کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵی ١٣٥٨دا پاش کۆنگرەی چوارەمی حیزب تاقمێکی حەوت کەسی کە خۆیان وەک پێڕەوانی کۆنگرەی چوار دەناساند لە حیزب جیابوونەوە بەو خەیاڵەی کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی دژی ئیمپریالیزمی جیهانییە، واتە حکوومەتێکی شۆڕشگێر و سەردەمیانەیە کە ئەم بۆچوونە بەداخەوە هەمان بۆچوونی حیزبی توودە و شەخسی کیانوری بوو کە لەکۆتاییدا بەخۆیان و حیزبی توودەشەوە بۆیان ڕوون بوویەوە کە تووشی چ هەڵەیەکی ستراتیژیک بوونە، بەڵام ئەم لە خەوهەستانە درەنگ بوو. پاش ئەم قۆناغە شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧دا دەستیان دایە خەباتێکی چەکدارانە لەدژی دیکتاتۆری و فەزای داخراوی سیاسی ئەوکات، ئەم ڕاپەڕینە دوای کۆماری کوردستان توانی دەنگی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان بەگوێی جیهان بگەیەنێ، هەرچەند ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن دەسەڵاتی سەرەڕۆی حەمەرەزاشا و چەند هۆکارێکی دیکەوە بەرەو هەڵدێر برا و کۆتایی بەتەمەنی هێنرا، بەڵام لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی پڕ لەشانازی و تێکۆشانی لەمێژووی گەلی کورددا تۆمار کرد و ئەو ڕاستییەی بە دۆست و دوژمنانی ئازادی و نەتەوەی کورد سەلماند کە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەڕیزی پێشەوەی خەبات و گیانبازی و کۆڵنەداندان. هەر ئەو خەبات و گیانفیدایی و کۆڵنەدانەیە وای کردووە حیزبی دێموکرات هەمیشە وەک حیزبی پێشەنگ و جێگای باوەڕ و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بمێنێتەوە و درێژە بە خەبات بدات. پاش سەرکوتی ئەم جووڵانەوەیە ڕێبەری ناوداری کورد د.قاسملوو ڕێبەرایەتی حیزب و جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ئێران گرتە دەست و بەدانانی بەرنامەوپێڕەو و پێکهاتەی حیزبی دێموکراتی لەسەر بنەمای فەرهەنگی شۆڕشگێڕانە و ئوسول و پڕەنسیپە دێموکراتیکەکان ڕێکخستەوە و گیانێکی تازەی وەبەر حیزب و بزووتنەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا خستەوە.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر دیکتاتۆریی حەمەرەزاشادا و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی گەلانی ئێران لەلایەن ئاخوندە بیرتەسکەکانەوە حیزبی دێموکرات هەوڵی دا کە داخوازییەکانی گەلی کورد کە خۆی لە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستاندا دەبینییەوە لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی فەرمی ئێرانەوە بۆ خەڵکی ئێران شی بکاتەوە تا پیلانی دوژمنان لە چەواشەکردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بە نیسبەت شۆڕشی کوردستانەوە پوچەڵ بکاتەوە و لە دانانی یاسای بنەڕەتی ئێراندا ڕێگا بدرێ نوێنەرانی کوردیش لە دانانی ئەو یاسایەدا بەشدار بن، هەروەها گەڵاڵەیەکی بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی پێشکەشی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئێران «مێهدی بازرگان» کرد، بەڵام وەڵامی هەموو ئەم داخوازییانە لەلایەن

درێژە لە لاپەڕەی ١١





درێژەی لاپەڕەی ١٠

کۆمیتەی ئینقلابەوە کە لەڕاستیدا فەرمانیان لە خومەینی وەردەگرت بە شەڕی خوێناوی ٢٤ ڕۆژەی سنە و دواتر بە فەرمانی جیهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا وەڵام درایەوە کە ئاکامی ئەو شەڕە شکستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، بەو حاڵەش ئەوکات کە خومەینی ئاگربەستی ڕاگەیاند _ کە دیارە مەبەستی خۆڕێکخستنەوە و وچاندانێک بوو بۆ هێزەکانی _ داوای لە هێزە کوردییەکان کرد کە دەیهەوێ کێشەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕێگای ئاشتییانە و وتووێژ چارەسەر بکات، حیزبی دێموکرات و شەخسی د.قاسملوو بۆ ئەوەی کورد وەک گەلێکی شەڕخواز نەناسێندرێ وتی: ئێمە بەو پەیامە ئاشتیخوازانەیەی خومەینی لەبەیک ئەڵێین و حازرین کێشەکانمان بە ڕێگای ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکەین، بەڵام هەروەک پێشتریش حیزبە کوردییەکان دەیانزانی ئەو پەیامەی خومەینی تەنیا فێڵ کردنە لە کورد، هێرشێکی بەربڵاوتری کردەوە سەر خەڵکی کوردستان.

هۆکاری ئەوەی حیزبی دێموکرات و د.قاسملوو بەو پەیامەی خومەینی بۆ ئاشتی لەبەیکیان گوت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا بە بیروڕای گشتیی جیهان بسەلمێنن کە گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخوازە و لەلایەکی دیکەشەوە پێش بە فرتوفێڵی ڕێژیم بگرن کە ئەگەر هاتوو دووبارە هێرشی کردەوە سەر کوردستان ڕێژیم بە خەڵکی کوردستان نەڵێ ئەوە ئێمە داوای ئاشتیمان کرد و حیزبە کوردییەکان وەڵامی ئاشتیخوازانەی ئێمەیان نەدایەوە کە لەڕاستیشدا کاتێک هێرشی دووبارە کرایە سەر خەڵکی کوردستان خەڵکی کوردستان زیاتر لە شەڕی سێ مانگە پشتیوانییان لە حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات کرد و بە هەزاران کەس دەستیان دایە چەک و هاتنە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە. ڕێژیمی خومەینی لە درێژەی هێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨١ قوتابخانەکانی کوردستانی داخست و ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی کوردستانیشی بەناوی «پاکسازی» هەڵوەشاندەوە بە مەبەستی دوورخستنەوەی ڕۆڵەکانی کورد لە پرۆسەی خوێندن و سەپاندنی سیاسەتی خۆی بەسەریاندا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێگری کردن لەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە و ناوچە ئازادکراوەکاندا بەشێک لە قوتابخانەکانیان کردەوە و لە ڕێگای مامۆستایانی شۆڕشەوە درێژەیان بە خوێندن دا.

لەمبارەیەوە حدکا لە ڕێی بانگەوازێکەوە هانی مامۆستایانی دا و داوای لێ کردن لە ڕێی «خولی پێگەیاندنی مامۆستایان»دا ئەو کەسانە ڕابهێنن بۆ وانەوتنەوە کە ئامادەییان دەربڕیوە، دیارە زۆربەی ئەو مامۆستایانە کادر و پێشمەرگەی حیزب بوون کە سەرەڕای ئەرکی پێشمەرگایەتی کاری مامۆستایەتیشیان لە گوند و ناوچە ئازادکراوەکاندا تا ساڵی ١٣٦٢ لە قوتابخانەکانی شۆڕشدا بە باشی بە ئەنجام گەیاند تا منداڵانی کوردستان لە پرۆسەی خوێندن بە زمانی زگماکی دوا نەکەون، هەر وەک وتمان ئەم پرۆسەیە تا ساڵی ١٣٦٢ درێژەی کێشا کە بۆ ساڵی ١٣٦١ بۆ ١٣٦٢ پەرتوکەکانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە زمانی کوردی لە چاپ دران.

## سیاسەتی ئوسولی و دوور لە دەمارگیری حدکا

پاش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی، پێڕەوانی خەتی خومەینی هەڵیانکوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و هەموو کارمەندانی ئەو باڵیۆزخانەیەیان دەستگیر کرد کە بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا مانەوە. هەر ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو کارەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم کرد و بە دژی عورفە دیپلۆماتیکەکانی لەقەڵەم دا. یەکێکی دیکە لە هەڵوێستە بەجێیەکانی حیزبی دێموکرات بایکۆتکردنی بەناو ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بوو کە ڕێژیم زۆر زیرەکانە و بەشێوەیەکی فێڵبازانە کڵاوی لەسەر خەڵکی ئێران نا، تا لە ڕێفراندۆمێکی گوماناویدا دەنگ بە کۆماری ئیسلامی بدەن، حیزبی دێموکرات ئەو هەوڵەی ڕێژیمی بە کارێکی نادێموکراتیک و ناشەفاف زانی و بایکۆتی کرد، بەشێکی دیکە لە سیاسەتی دروست و ئوسولی حیزب بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلەکانی شەڕ دەگەڕێتەوە کە بەوپەڕی ڕێزەوە لەگەڵیان بەرخورد کراوە و تەنانەت پێشمەرگەی حیزبیش لەسەر هەڵسوکەوتی نابەجێ لەسەر دیلەکان لە حیزب دەرکراوە، تەنانەت حیزبی دێموکرات هیچکات هەوڵی تەقاندنەوە و تیرۆری نەداوە هەرچەند خۆی قوربانی دەستی تیرۆر بووە.

ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە حیزبی دێموکرات باوەڕی تەواوی بە بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ هەیە و هەموو یاسا و ڕێسا دیارەکانی شەڕیشی پاراستووە.

## حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری ڕاستەقینەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان

ئەگەر هەڵوەستەیەکی مێژوویی لەسەر خەبات و تێکۆشان و مامەڵەی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بکەین، ڕووی گفتوگۆ و دانوستانەکان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرکردایەتی ئەو حیزبە بووە، ئەوەی توانیبێتی پارێزەر و داکۆکیکاری مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بێت و سازشیان لەسەر نەکات، قوتابخانەی کوردایەتی واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و ڕێژیمیش تەنیا ئەو حیزبە و سەرکردایەتی ئەو حیزبەی بە کۆسپی سەرەکی سەر ڕێگای خۆی بۆ سەپاندنی هێژمۆنی خۆی بەسەر گەلی کورد و سەپاندنی سیاسەتی هێژمونگەرایی خۆی بەسەر ئەو خەڵکەدا زانیوە. حیزبی دێموکراتیش ئەم هەوڵەی هەم وەک دەرفەت چاو لێکردووە و هەم وەک هەڕەشە، وەک دەرفەت چاوی لێ کردووە بەڵکوو بتوانێ لە ڕێگای گفتوگۆ و ئاشتییەوە بەشێک لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد وەدەست بێنێ، هەڵبەت حیزبی دێموکرات لە هەمان کاتدا کە گفتوگۆی دەکرد مەیدانی خەباتی چەکداریشی بەباشی ئیدارە دەکرد تا لە سۆنگەی هێزەوە مامەڵە لەگەڵ داگیرکەر بکات، لەلایەکی دیکەوە هەڕەشە بوو بۆ حیزب، چونکوو ئەو ڕێژیمەی لەبەرانبەرت دادەنیشێ بۆ وتووێژ ڕێژیمێکی تاسەر ئێسقان دیکتاتۆر و نامۆ لەگەڵ نۆرمە دێموکراتیکەکانە کە دیارە ئاکامەکەشی بەناحەق ڕژانی خوێنی سەرکردەی بلیمەتی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات د.قاسملوو بوو. مەتەڵێکی کوردی هەیە دەڵێ: «داری بەردار تیری تێدەگیرێ» هەر ئەمەش وایکردووە بەردەوام هەوڵی لەناوبردن و تێکشکانی بدەن، بۆیە هەردوو ڕێژیمی داگیرکەری کوردستان هەرکامیان بەشێوازێک هەوڵی تێکشکاندنی بزووتنەوە و لەناوبردنی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردیان داوە؛ لە سمکۆی شکاک باوکی ناسیۆنالیزمی کوردەوە بگرە تا دەگاتە پێشەوا قازی محەممەد و د.قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی.

## هەوڵی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکرات و لایەنی بەرانبەر

هەروەک پێشتریش باسمان کرد حیزبی دێموکرات لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەوڵی دا تا ڕێگای ئاشتی و گفتوگۆ و بەهێنانە بەرباسی دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان ڕێژیم بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە داخوازییەکانی گەلی کورد قبووڵ بکات، بەو ئومێدەی خەڵکی کوردستان بە مافەکانیان بگەن و ببێتە مایەی سەقامگیری و هەوێنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هاتنە پێشەوەی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بنەماکانی یەکتر قبووڵ کردن لە ئێرانی نوێدا، بەڵام ئەم هەوڵەی هیچ ئاکامێکی نەبوو.

ئەمەم بۆیە باس کرد تا بزانین و باشتر دوژمنەکانمان فام بکەین، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی سەدساڵی ڕابردووی ئێران بدەینەوە، لە کۆتایی حکوومەتی قاجارەکاندا فکری دەوڵەت — نەتەوە لەلایەن ڕۆشنبیران و نوخبەی ئێرانییەوە کە بۆ خوێندن سەردانی وڵاتانی ئەوروپاییان کردبوو هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی ئێرانەوە و لە حکوومەتی «ڕەزاخان»ەوە بەرگێکی نوێی بەبەردا کرا بەوەی، دەستیان کرد بە بچووککردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان و دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان خێڵ و هۆزە کوردییەکان و گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان و تەنانەت دۆڵ و شاخ و دەشتەکان و سڕینەوەی زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی خەڵکی کوردستان و ئاسمیلەکردنیان کە «حەمەڕەزا»یش ئەم ڕەوتەی درێژە پێدا، ئێستاش حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەمان سیاسەتی سڕینەوە و ئاسمیلەکردنی زمان و فەرهەنگ و پشتگوێ خستنی خواستەکانی گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد بەڕێوە دەبات، تەنانەت کار گەیشتووەتە جێگایەک کە هیچ ئومێدێک بە ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری ئێرانیش نەماوە، ئەمانەش هیچ باوەڕێکیان بە ئێرانی فرەنەتەوە نییە، ئەمە یانی پاشەکشەی عەقڵی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری ئێران بەرانبەر بە مافەکانی گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد، ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە چیتر ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەریش جێگەی متمانە و باوەڕ و دڵنیایی نییە بۆ کورد، کەوابوو ئەبێ حیزبی دێموکرات کە هەڵگری بیری نەتەوایەتییە و وەک حیزبێکی ناسیۆنالیست ئەبێ گۆڕانێکی جیددی لە دروشمی خۆی پێکبێنێ یان لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا ڕادیکاڵتر بجووڵێتەوە. ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئەم دواییانەی لێپرسراوی گشتیی حیزبدا ڕەنگی دابووەوە بەحەق وەڵامێکی لۆژیکی و لەجێی خۆیدا بوو بۆ ئەو عەقڵییەتە پاوانخواز و سەرەڕۆیە، کە لەڕاستیدا بەکارهێنانی جۆرە ئەدەبیاتێکی سیاسیی ناسیۆنالیستانە خواستی زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

## ڕاسان وەک قۆناغێک بۆ دەربازبوون لە مەندی

شەهیدی نەمر د.قاسملوو سەبارەت بە یەکێک لە هۆکارەکانی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان دەڵێ: «هەر جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بکەوێتە سەرباری ئەوەیکە سیاسەتی دفاعی بەخۆیەوە بگرە، بەدەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ.

جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە دەبێ هێرش بکا و دەبێ هەموو وەختێک هەلومەرجێکی ئەوتۆ بخولقێنێ کە تووشی مەندی و ڕاوەستان نەبێ. لێکدانەوەی مێژووی زۆر نەتەوە هەروەک لە مێژووی نەتەوەی کوردیشڕا دەردەکەوێ کە هەرکاتێک جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کەوتبێتە حاڵەتی دیفاعی، یان زوو لەناو چووە یان بەرەبەرە هەلومەرجی لەناوچوونی خۆی پێکهێناوە»؛ لەم سۆنگەیەوە و بە هەست بە بەرپرسیارەتی مێژوویی، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بەو ئاکامە گەیشتن کە مانەوە لە باشووری کوردستان و نەبزووتن بەرەبەرە حیزب بەرەو هەڵدێر دەبات و وزە و هێزی شۆڕشگێڕی لە پێکهاتەی ئەو حیزبەدا بەرەو نەمان دەبا و حیزب تووشی خەسارێکی قەرەبوونەکراو دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە مەیدانی خەبات ئاوەڵا دەکات بۆئەوەی هێزی دیکە ئەو کەلێنە بقۆزنەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەت بە کۆماری ئیسلامی دەدات تا بەئاسانی سیاسەتەکانی خۆی لە کوردستاندا بەبێ کۆسپ و تەگەرە بباتە پێشەوە، لەوانەش گرنگتر هێزی ئەکتیڤ و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات تووشی نائومێدی و سەرلێشێواوی دەکات، لەبواری سیاسەتی نێونەتەوەیی و ناوخۆییشدا، ئەگەر هەر هێزێک بیەوێ لە هاوکێشە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا قورسایی هەبێت و حیسابی لەسەر بکرێت ئەبێ ئەو وزە و توانایەی خۆی وەگەڕ بخات تا وەک فاکتەرێکی بەهێز و کاریگەر لە گۆڕینی هاوکێشەکاندا حیسابی لەسەر بکرێ و لە هەمان کاتیشدا بۆ چوونە نێو گەمە و هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتوو سەنگ و قورسایی خۆی هەبێت. هەرچەند حیزبی دێموکرات خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ ئەم هەستانەوە نوێیە کردبوو و دەیزانی ڕەنگە تێچووی ئینسانی زۆری بەدواوە بێت، بە سەرنجدان بەوەی لەگەڵ دوژمنێکی تا سەرئێسقان تەیار بە پێشکەوتووترین چەکی سەردەم ڕووبەڕوویە، بەڵام بۆ ئەوەی لەو مەنگی و نەبزووتنە بیست ساڵەیە دەربێت پێویست بوو هێزی شاخ و شار لەیەک سەنگەردا ڕێک بخات تا وەک دووانەیەکی لەیەکدانەبڕاو گیانێکی تازە وەبەر جەستەی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی ڕۆژهەڵات بخەنەوە.

کۆی ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی ١٣٩٥ی هەتاویدا بە پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە چیاکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات، ڕاسانی نوێی گەلەکەمان بە ناوی ڕاسانی شار و شاخ ڕابگەیەنێ. ئیتر لەو کاتەوە حیزبی دێموکرات پێی نایە قۆناغێکی دیکە لە خەباتەوە کە ئاکامەکەشی بەرۆژەڤکردنی پرسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو لە میدیاکانی جیهاندا، هەرچەند لەم پێناوەشدا کۆمەڵێک لە باشترین ڕۆڵەکانی گیانی خۆیان بەختی ڕێگای ئازادی و سەربەستی گەلەکەیان کرد. ئێستاش خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە لە ڕاسان دەڕوانن و وەک دەلاقەیەک بۆ دەربازبوون لە یەخسیری و ژێردەستی لێی دەڕوانن.

## یەکگرتن و بەخۆداچوونە لەبەرەبەری یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبدا

هەلومەرجی ئەمڕۆ ئەوەمان لێ دەخوازێ دوای ئەو هەموو ئەزموونە، لانیکەم لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی ناوەندی و ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری و مامەڵە لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە کە بە بیری ئێرانچییەتی قورمیش کراوە و بە هەناسەی نەتەوەچییەتییەوە دەیهەوێ وڵات بەڕێوە ببات، پێویستە لەپێش هەر هەنگاوێک ڕیزەکانی خۆمان ڕێک بخەین و نێوماڵی کورد لەو پەرتەوازەییە ڕزگار بکەین. بۆ قۆناغی ئێستا پێویستە هەموو لایەنە کوردستانییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات نێوماڵی خۆی ڕێک بخات و پێداگری لەسەر مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بکات و خەباتێکی چڕوپڕی بۆ بێنێتە کایەوە، بەتایبەتی کە لەئێستادا وەزعی نێوخۆیی ئێران و ئابووری ئەو وڵاتە لە خراپترین دۆخی خۆیدایە و نارەزایەتییەکی پەنگخواردوو سەرتاسەری ئێرانی تەنیوەتەوە و لەباری سیاسەتی دەرەوەشدا لەوپەڕی خراپیدایە و گەمارۆیەکی چڕی ئابووری و سیاسی خراوەتە سەری و لە ناوچەکەشدا تەنگیان پێ هەڵچنیوە و لە کوردستانیش کارتی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و لە شاخیش کارتی ڕاسانی نوێی گەلەکەمان بەناوی ڕاسانی شار و شاخ لەئارادایە، بۆیە پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕیزەکانی خۆی پتەو و یەکگرتووتر بکات و هەوڵی وەسەریەکخستنەوەی نێوماڵی گەورەی دێموکرات بدات، بێگومان حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو سەنگ و قورسایی دیاری خۆی هەیە و دۆست و دوژمن حیسابێکی دیکەی لەسەر دەکەن. وەسەریەکخستنەوەی وزە و تواناکان بێگومان پوتانسییەلی حیزب چەندقات دەباتە سەرێ و سەنگ و قورسایی لە هاوکێشەکاندا دیارتر و بەرچاوتر دەبێ، کەوابوو ئومێد دەکەین یادی یوبیلی ئەڵماسی حیزبەکەمان ببێتە هەوێنی یەکگرتنی یەکجارەکی حیزبەکەمان.

سەرچاوە:
چڵ ساڵ خەبات لە پێناو ئازادیدا»دوکتور قاسملوو»

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 780 • 15 August 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

## بەبۆنەی ٧٥ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات چەندین کەسایەتی و لایەنی سیاسی پەیامی پیرۆزباییان ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد:

### کارۆڵ پرۆنهوبێر

هاوڕێیانی بەرێز،
لە حەفتا وپێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دەمهەوێت پشتیوانی و هاوپەیوەندیی خۆم ئاراستەی ئێوە بکەم بۆ کۆڵنەدانتان لە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ هەموو نەتەوەی کورد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەیان ساڵە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتیی کوردە. سەرەڕای ئەو هەموو قوربانییانەی کە داویەتی، ئەو حیزبە بە پشتیوانیی لەبننەهاتووی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بەردەوام هەنگاوی بەرەوپێش ناوە.
هەر بەردەوامبن لە خەبات بۆ گەیشتن بە بەهاکانتان و بۆ وەدەستهێنانی داهاتوویەکی باش بۆ هەموو لایەک.
لەگەڵ سڵاوی گەرم بۆ هەمووتان،

.................................................................

### سوسیالیست ئینترنەشناڵ

بۆ سکرتێری گشتی «مستەفا هیجری»، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بەبۆنەی حەفتا و پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٥ و دیاریکردنی ساتێکی گرینگ لە مێژووی حیزبەکەتان، پێم خۆشە پیرۆز برایانەی خۆمتان ئاراستە بکەم.

هەوڵەکانی گەلی کورد لە پێناو ماف و ئازادییەکانیان و بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و دێموکراسی لە داهاتوودا، بووە هۆکاری دامەزراندنی پەیوەندی نێوان حیزبی وەک ئێوە و ڕێکخراوەی ئێمە.
هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە سوسیالیست ئینترنەشناڵ بوو بە ڕێکخراوەیەکی تەواو جیهانی، پرسی گەلی کورد، نیگەرانییەکانیان و هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی پرەنسیپ و بەها هاوبەشەکان ، بوون بە بەشێک لە بەرنامەی کاری سوسیالیست ئینترنەشناڵ. لەم سەفەرە هاوبەشەدا، بەتایبەتی یاد دەکەینەوە و ڕێز لە ڕێبەران، عەبدولڕەحمان قاسملوو و سادق شەرەفکەندی دەگرین کە هەردووکیان لە چالاکییەکانی سوسیالیست ئینترنەشناڵ بە شدارییان دەکرد.
ئاواتم سەرکەوتنتانە لە بەرزڕاگرتنی ئەم یادەدا.
لەگەڵ ڕێزمدا،
لویس ئایالا
سکرتێری گشتی

.................................................................

### ڕێکخراوی نەتەوە و گەلە بێ دەوڵەتەکان ( (UNPO

«مستەفا هیجری»، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بەڕێز کاک «مستەفا هیجری» و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
بەبۆنەی حەفتا و پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژەکانی نێوان ٣١ی ژولای تا ٢ی ئاگوستی ٢٠٢٠ ڕێکخراوی نەتەوە وگەلە بێ دەوڵەتەکان کۆبوونەوەی گشتیی خۆی پێک هێنا. هەر وەک دەزانن، ڕێکخراوی ئێمە لە نوێنەرانی ئەو گەل و نەتەوە بێ دەوڵەتانە پێک هاتووە کە لە ئاستی دونیادا نوێنەرایەتی سێسەد ملیۆن کەس دەکەن. هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی ئێمە، بە شێوەیەکی بەرچاو، لە نوێنەرایەتی بەرانبەر لە دامەزراوە میللی و نێونەتەوەییەکانی حوکمڕانیدا بێبەشن. هەر بۆیە هەموویان، لە ئاکامی ئەو بێبەشی و هەڵاواردنەدا، لەگەڵ ڕەنج و میحنەت بەرەوڕوون و زۆر بەکەمی دەتوانن پەرەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیان کۆنترۆڵ و مافەکانی خۆیان دابین و دەستەبەر بکەن.
کاتێک ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە و گەلە بێ دەوڵەتەکان کۆدەبنەوە، هەوڵ دەدەن ئەو مەسەلە و کێشە جیددییانە، کە شوێنەواریان لەسەر نەتەوە و گەلە بێ دەوڵەتەکان هەیە، لە ڕێگای بڕیارنامەی نوێنەرەکانیانەوە، بخەنە بەر باس و لێدوان. زۆر جار ئەو بڕیارنامانە پەیوەندییان بە گەلێک مەسەلەی جۆراوجۆرەوە هەیە کە شوێنەواری خۆیان لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوی ئێمە لە ئاستی جیهانیدا دادەنێن.
هەندێک جار، کاتێک کە وەزعێک لە دەوڵەتێکدا، یان بەرانبەر نەتەوە و گەلێکی بێ دەوڵەت دێتە پێش کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێت، شوێن لەسەر هەمووان دانێت،ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە و گەلە بێ دەوڵەتەکان، بڕیارنامەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو وەزعەدا پەسند دەکەن.
ڕۆژی ٢ی ئاگوستی ٢٠٢٠ ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە و گەلە بێ دەوڵەتەکان لە کۆبونەوەی خۆیاندا، بڕیارنامەیەکی لەو چەشنەیان، سەبارەت بە نەتەوە و گەلانی بندەستی ئێران پەسند کرد. ئەوان لەو بڕیارنامەیەدا بەتایبەتی نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بەو چەوسانەوە و هێرش و پەلامارە بەردەوام و پەیتاپەیتایە دەربڕی کە گەلی کورد نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو بەهۆی ئەو تێرۆریزمە دەوڵەتییە کە ئێران پشتیوانیی لێ دەکات، لەدەرەوەشدا، لەگەڵی بەرەوڕوویە.
لە کاتێکدا کە لەو کۆنگرەیەدا گەلێک بڕیارنامەی دیکەش پەسند کران، بڕیارنامەی ناوبراو لە نەوعی خۆیدا تاقە بڕیارنامەیەکی لەو چەشنە بوو کە لە کۆنگرەی پازدەهەمی ڕێکخراوی نەتەوە و گەلە بێ دەوڵەتەکاندا پەسند کرا. هەر بۆیە ئومێدەوارم، لە یادی حەفتا و پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئەو بڕیارنامەیە، نیشاندەری ئاستی ئەو هاوپەیوەندی و پشتیوانییە نێونەتەوەییە بێت کە لەگەڵ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و لەڕاستیدا لەگەڵ گەلی کورد بەگشتی نیشان دەدرێت.
جێگای داخە کە پاش تێپەڕینی حەفتا و پێنج ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبەکەتاندا، هێشتاش گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەروا بۆ وەدیهێنانی ئازادیی خۆی لە خەبات دایە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە جێگای خۆشحاڵییە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کەسانی وەک ئێوە و ئەو هاوڕێیانەتی هەیە کە لە ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا کار دەکەن. کەسانێک کە هەموو وجودی خۆیان بۆ باشترکردنی وەزعی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەرخان کردوە. هەروەک لە بڕیارنامەکەدا هاتبوو، ئێمە دڵنیاین کە ئەوانەی بە ڕاستی خۆیان بەرانبەر پرەنسیپ وبنەماکانی ڕێکخراوی نەتەوە و گەلە بێ دەوڵەتەکان بەرعۆدەن دەزانن، وەک بڕوای قایم بە بەکارنەهێنانی توندوتیژی وەک ئامرازێک بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ، خەبات بۆ حەقی بەرانبەر بۆ وەدستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و تێکۆشان لەپێناو دێموکراسی و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤدا، سەرەنجام سەردەکەون.
بەبۆنەی جەژنی حەفتا و پێنجەمین ساڵی دامەزرانی حیزبەکەتانەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم و خۆشی و شادمانیتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.
دڵسۆزتان
ڕاڵف بونچە
سکرتێری گشتی

.................................................................

### هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز

بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

کاک مستەفا هیجری
مستەفا هیجری خۆشەویست،
هاوڕێیانی خۆشەویست،
لەلایەن هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز و هەروەها شەخسی خۆم پیرۆزبایی ٧٥ـەمین ساڵڕۆژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لێ دەکەم.
وەک هاوپەیمانی پێشکەوتنخوازشانازی دەکەین کە حدکا دەگەڵمانە. ئێوە بە باوەڕێکی قووڵ نیشاندەری ئەو ئەرزشە هاوبەشانەمانن کە بریتین لە ئازادی، عەداڵەت و پاڵپشتیی یەکتربوون. زۆر گرینگە کە هێزەکانی هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز زۆر پاڵپشتی یەکن لەسەرانسەری سنوورەکان. تەنیا بەیەکەوە دەتوانین بەرەنگاری هەڕەشەکان لە دژی دێمۆکراسی و دژی پێشکەوتنخوازی بکەین.
چاوەڕێین کە هاوکاریمان لە داهاتوودا بەهێزتر بکەین و ئاواتەخوازی داهاتوویەکی باش بۆ ئێوەین.
بە ڕێز و ئێحترام
کۆنی ڕۆیتەر

.................................................................

### ڕێکخەری گشتیی هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز

هاوڕێیانی بەرێز،

لە حەفتا و پێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، گەرمترین پیرۆزباییتان ئاڕاستە دەکەم و ڕێز بۆ خەباتتان بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی کوردەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵدا دەنێرم.
ئێمە لە پارلمانی ئورووپا هەمیشە پێداگری لەسەر دێموکراسی، ئازادی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بەرانبەریی جنسییەتی لە ئێران کە ڕێز و لە کۆتاییدا دان بە مافەکانی کەمەنەتەوایەتییەکاندا بنرێت، دەکەین.
من ڕێزی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەوانە کە پێداگری لە سەر تێڕوانین و مافەکانی خۆیان دەکەن. لەهەمان کاتدا ڕێزی زۆرم بۆ هەموو ئەوانەی کە خەبات بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی و مافە بنچینییەکانی خۆیان دەکەن.
ئێستا کاتی ئەوەهاتووە کە مافی کەمینەکان لە ئێراندا دانی پێدا بنرێت و هەموو لایەک بەشێک بن لە کۆمەڵگا، بە هەمان ماف و ئەرک. هەموو لایەک مافی ئەوەی هەیە کە لە ئاشتی و ئازادایدا بژی. سەرئەنجام پێویستە ڕێچکەکە دوورکەوێتەوە لە ڕێژمێکی دیکتاتۆر و هەنگاو بنرێت بەرەو دێموکراسی.
هیوای باشترینتان بۆ دەخوازم و بیرم لاتانە.
ئەندریاس شیدەر
ئەندامی پارلمانی ئورووپا

.................................................................

### پەیامی پرۆفیسۆر دەیڤید ڕۆمانۆ مامۆستای زانکۆ و نووسەر لە ئامریکا

هاوڕێیانی خۆشەویستم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ڕێگەم بدەن گەرمترین پیرۆزباییەکانتان بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاراستە بکەم. حیزبی دێموکرات هاوڕێ لەگەڵ ئەو سیمبۆلیسمە سەرەتاییەی کە بە بنیاتنانی کۆماری کوردستانەوە هاتە ئاراوە هێشتا هەر زیندووە و تەشەنە دەستێنێت. ئەگەرچی ئەو هەموو ڕێبەرە مەزنە و هزرە بەرزانەی کە ئەوەیان بەرهەم هێنا و ئەو چرا درەوشاوانە کە گەورەیان کرد ئێستا لە ناوماندا نەماون بەڵام هزر و بیر و ئایدیاکانیان نەتەنیا لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە هەموو کوردستان و لەهەرشوێنێک کە کوردێک هەبێت ماونەتەوە و بەردەوامن.
ئەگەرچی من خۆم کورد نیم بەڵام دەمهەوێ بڵێم کە بە ڕاستی تا ڕادەیێکی زۆر تەحسینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو خەباتەی دەکەم کە حدکا لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێران بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بنیاتی ناوە و شانازییان پێوە دەکەم. ئەگەرچی ڕژێمی ئێران پشتیوانی و پشتگری کردووە لە گرووپگەلی تێرۆریستی، بەڵام حیزبی دێموکرات هیچکات وەها هەڵسووکەوتێکی نیشان نەداوە. بۆیە وەکوو چۆن لە ناو وڵاتەکاندا هەندێک شوێن دەبینین کە پێبەندی یاساکانی شەڕ نین لە ناو بەرخۆدانەکان و ڕێکخراوەکانیشدا هەن لایەنگەلێک کە پێبەند بن و لایەنگەلێک کە پێبەند نەبن. هەمووکەس دەبێ ئەو هەڵبژاردەیەی حدکا کە لە سەرەتای دەسپێکیەوە هەوڵی داوە کە خەڵکی سیڤیل نەکاتە ئامانج و خەباتەکەی بە شێوازێکی شەرافەتمەندانە بباتە پێشەوە بناسێت و تەحسینی بکات.
ئەو ستانداردانە و ئەو پێوەرە ئەخلاقییانەی کە حیزبی دێموکرات خۆی پێبەندییان دەزانێت زۆر بەرزترن لەوانەی ڕێژیمە جۆربەجۆرەکانی تاران و ئێمە هەموومان ستایشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین بۆ ئەو نموونەیەی کە لە خۆی نیشانی داوە.
ئاواتی من سەرکەوتنی ئێوەیە بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی خودموختار لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتدا. بژی حدکا
براتان دەیڤید ڕۆمانۆ

.................................................................

### پەیامی دوکتور دەیڤید فیلیپس بەرپرسی ئەنستیتۆی ئاشتی و مافی مرۆڤ لە ئامریکا

ئەمە پەیامی هەمبەستەگییە بۆ ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. خۆی دامەزراندی ئەو حیزبە هەنگاوێکی مێژوویی بوو، هەروەها هەتا ئێستا هەوڵی زۆر گەورە دراون و دەسکەوتی زۆر بەدەست کەوتوون. بەڵام کورد لە ئێراندا پێویستیی بە هەوڵی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بگەن و بتوانن ئاسایش و مانەوەی خۆیان مسۆگەر کەن. ئێمە بەڵێنیی پشتگیری دەدەین بۆ ئەم ئامانجە.
دەیڤید فیلیپس
بەرپرسی ئەنستیتۆی ئاشتی و مافی مرۆڤ لە ئامریکا

.................................................................

### حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئاڵمان س پ د

بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
کاک مستەفا هیجری
«مستەفا هیجری»ی خۆشەویست،
هاوڕێیانی خۆشەویست،
لەلایەن حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی ئاڵمان و هەروها شەخسی خۆم پیرۆزبایی ٧٥ـەمین ساڵڕۆژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکەم.
حیزبی ئێوە لەو ٧٥ ساڵەدا تێکۆشانی گەورەی بۆ ئازادی و هەمبەستەگی ئەنجام داوە. حیزبی ئێوە لە هەمان کاتدا سەرکوت و ئازاری بینیوە، بەڵام بە بیروباوەڕی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و مافی چارەنووس وەفادار ماوەتەوە.

حیزبی س.پ.د ئاواتەخوازی سەرکەوتن و بەرخۆدانتان بۆ ئامانجە سیاسییەکانتانە و هیواداریـن کە پەیوەندیی دوو لایەنەمان بەهێزتر بکەین. ئاواتەخوازی داهاتوویەکی باش بۆ ئێوەین.
بە ڕێز و ئێحترام،
فرانچ دانێر
سکرتاریای ناونەتەوەیی س.پ.د

.................................................................

### کۆمەڵگای نەتەوەکانی هەڕەشەلێکراو

بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ئەندامان ولایەنگرانی بەڕێزان،
دۆستانی خۆشەویست،
بۆ ئێمە شانازی و لەهەمان کات جێی خۆشحاڵییە کە بەبۆنەی ٧٥ـەمین ساڵی دامەزراندنی حدکا لە ئێوە ئەندامان ولایەنگران پیرۆزبایی بکەین و بۆ داهاتوو سەرکەوتن بخوازین.
حدکا کە لە ١٦ی ئاگوستی ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، ڕابردوویەکی تراژێدیک و خەمناکی هەیە. ئەندامان و ڕێبەرایەتییان تەعقیب، ئەشکەنجە، دەستبەسەر یا خۆ تووشی کوشتن هاتوون. ئێمە قەت لەبیر ناکەین کە ٥٠٠٠٠ کوردی بێتاوان لە ماوەی هاتنە سەرکاری خومەینی تا ئێستا کوژراون. بەڵام ئێوە سوننەتێکی گەورەتان هەیە، ئەویش خەبات بۆ ئازادی و مافی چارەنوسی گەلی کورد لە ئێران. ئەمەش جێی سەرنج و ئێحتیرامە وەک نوێنەری نێونوتەوەیی ١٠ ملیۆن کورد لە ئێران. ئێمە وەک ڕێکخراوێکی مافی مروڤ زیاتر لە ٥٠ ساڵە کە پشتیوانیی کورد لە ئیران دەکەین بۆ وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی و دیمۆکراسی. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دوکتور سادق شەرەفکەندی لە بیری ئێمە ناچن کە بە دەستی بکوژانی ئێران لە ڤییەن و بێرلین تێرۆرکران.
تێدەگەین کە کورد لە هەلومەرجی دژوار دژی دیکتاتۆران و بکوژانی بەکۆمەڵ خۆڕاگریی کردووە. ئەو تێکۆشانە دەبێ لە ڕێگای ئاشتی خوازانەش درێژەی پێ بدرێت. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوییە، کورد، ئازەری، تورکمەن، عەرەب، بەلووچ، ئاسوری و ئەرمەنی بەشی زۆری ئێران پێک دەهێنن. بۆیە زۆر نیشانە هەیە کە ئێران دەتوانێت لە داهاتوو شۆڤینیسم جێ بهێڵێ و ببێتە وڵاتێکی فیدراڵ. زۆرینەی لاوانی ئێران تامەزرۆی ئازادی و دێمۆکراسین.
کۆمەڵگای نەتەوەکانی هەڕەشەلێکراو وێڕای حدکا و هەموو هێزە دێمۆکراتەکانی ترپشتیوانی لە دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و کەمایەتییەکان و هەروها مافی چارەنووس و فیدرالیسم دەکات.
سڵاو و ڕێز
ئولریخ دێلیوس
بەڕێوەبەری کۆمەڵگای نەتەوەکانی هەڕەشەلێکراو
کەماڵ سیدۆ
بەشی کەمایەتییەکانی کۆمەڵگای نەتەوەکانی هەڕەشەلێکراو